




# بەشێک لە وتارو لێدوانەکانی

## هاوڕێ ئەحمەد ڕەحمانی

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

گەلاوێژی ٢٧٢٦ی کوردی = ئاگۆستی ٢٠٢٦ی زایینی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست:

١- ٥٩ گوڵــی ژاکاوی نیشتیمان................................................................................ ٣
٢- خەزانــە وەرزی خەندەکانی شەهید کەریم توژەڵــی............................................................ ٤
٣- ڕوانینی د. قاسملوو بۆ زمان و پەروەردە........................................................................ ٦
٤- کۆڕی هونەری، دەنگوڕەنگی ڕاستەقینەی پێشمەرگە.......................................................... ٨
٥- خەرمانە خەمی خەرمانان........................................................................................ ١٠
٦- "نان و ئازادی" لەدایک بووی هەناوی گەلێکی چەوساوە......................................................... ١٢
٧- "زانیاری بۆ ڕزگاری" و "قوتابخانە سەنگەرمانە"................................................................ ١٤
٨- لە هەناوی هەستبزوێنی شمشاڵەکەی مامە قالەوە................................................................. ١٦
٩- لە چراخانەکەی بورجی ئیڤێلەوە بۆ شەوانی ئەنگوستەچاوی کوردستان........................................... ١٨
١٠- بیری پێشەوا و هێزی کۆمار..................................................................................... ١٩
١١- گەورەدێ.......................................................................................................... ٢١
١٢- میلی زیندان و گڕی ئازادی...................................................................................... ٢٣
١٣- کوردستانی خوێناوی"ی ئازا سکری............................................................................... ٢٥
١٤- هاوڕێیەتیی ٣٠ ساڵەی من و "کوردستان"......................................................................... ٢٨
١٥- هەو هەوی سواران................................................................................................ ٣٠
١٦- لە داوێنی گیارەنگی سەربەرزی سەر سەوزدا...................................................................... ٣٢
١٧- ساڵە خەمێکە کاکی کاکانم....................................................................................... ٣٤
١٨- سەرماوەزانەی ئەحمەدیلە بۆ کاکە ڕەسوڵ......................................................................... ٣٦
١٩- ڕۆڵی ڕۆژنامە دیوارییەکان و گرینگیدان بە پەروەردەی ڕۆژنامەنووسی لەنێو مەتەریزی خەباتدا................... ٣٨
٢٠- زمان چەکی بەرگری و مانەوە.................................................................................... ٤٠
٢١- لەژێر دەواری هۆنراوە بەجێماوەکانی شاعیرانی پێشمەرگەدا.................................................... ٤٣

## ٥٩ گوڵی ژاکاوی نیشتیمان

ئەم بەیانییە خەونم بینی، گەڕابوومەوە بۆ سەردەمی ڕووتەڵەیی و مێرمنداڵی خۆم، جارچی جاڕییان دەدا، شار خرۆشابوو، دار و بەرد و بوونەوەر و مرۆڤ دەگریان، شەقام و بن دیوارەکان بۆنی خوێنی لاوانی کوردیان لێ دەهات.

خەونی ئەم بەیانییەم بۆ بەر لە ٣٨ ساڵ لە ناو خۆیدا نغرۆی کردم، بۆ ٥٩ لاوی شارەکەی حەزرەتی پێشەوا دەریای فرمێسکم هەڵدەڕشتن، ئەوکات ئەمدەزانی سێدارە و گوللەباران چین، منیش وێڕای خەڵکی دەگریام و ئاخم هەڵدەکێشان!

ئەم بەیانییە لە زیندە خەوی خەونی ٣٨ ساڵ لەمەوبەردا بووم، کە جارچی سەڵای شەهید بوونی ٥٩ لاوی سابڵاغی یەکەم پێتەختی کۆماریان دەدا!

**٥٩ گوڵ ژاکان، خوێنیان تێکەڵ بە خاکی نیشتیمان کرا، بەڵام بەری داری خوێنی ئەو بەو ٥٩ لاوە شەهیدە، بوو بە بورکانی گڕ و تۆڵە...**

لەهێزی بێستووندا بە تۆڵەی ٥٩ گوڵی هەڵوەریوی شاری پێشەوا، ٥٩ عەمەلیاتی دوژمن تۆقێن ئەنجام درا، هەر ڕۆژە و هەواڵی تۆڵەی خوێنی لاوێکی مەهابادیمان دەبیست، ٥٩ چالاکی پێشمەرگانە، تۆڵە بوو بۆ خوێنی ڕژاوی ئەو پەنجا و نۆ لاوەی ئەم نیشتیمانە!

**هەموو ساڵێ لە مانگی جۆزەردانددا خەمی وەرزی خەزەڵوەری ٥٩ گوڵی ژاکاوی شاری پێشەوا دەمانهەژێنێ، کانیاوی فرمێسکەکانمان دەژینەوە، لە ناخماندا پەیمانی ئەمەگ و وەفاداری بۆ ڕێبازیان بە ڕواندنی گوڵە شلێرەیەکی سووری جوانی نیشتمان لە سەر گڵکۆیان نوێ دەکەینەوە.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٣١ی مای ٢٠٢٠

## خەزانــە وەرزی خەندەکانی شەهید کەریم توژەڵــی

کاتژمێرەکەی ژوورەکەم چرک چرک لە خولانەوەی خۆیدایە، شەوێکی تاریک و ئەنگوستەچاوە، دنیا کش و ماتە، خەو لە چاوەکانم زڕاوە، شەپۆلەکانی خەیاڵ هەر جارە و بەرەو کەنارێ لە خیزەڵان و تاوێرە بەردە تیژەکان تورم دەدەن، ژوانی شەوانم نێو دێڕی کتێبەکان و شاکارە وێنەکانی ئاڵبۆمی پێشمەرگایەتیی نزیکەی چوار دەیە لە خەباتە. دێڕی کتێبەکان دەریای بیر و هزرم دەوڵەمەند دەکەن و نیگایەک لە وێنەکانی چوار دەیە ئیلهامی نووسینم پێدەبەخشن.

شەوگار درێژە و درێژتر دەبێتەوە، ئێستا لەم شەوەزەنگەدا بەتەواوی هەست بە لێدانی ترپەی دڵی کاتژمێرەکەم دەکەم، چرک چرک ئارامیی گۆمی مەندی خەیاڵم دەپچڕێنن، ئەمڕۆ پێش ئەوەی خۆر دوا ماڵئاوایی لە شەپۆلە ئارامەکانی دەریا بکا، کلیکێک لە سەر فەیسبووکەکەم ژوانی دیدەکانم بوو لەگەڵ شاکارە وێنەیەکی گەلێ جوان. ژوانی دوو نیگا بوو، یەکەمیان پێکەنینەکانی پێشمەرگە بوو کە ختۆکەی خستە دڵمەوە و، ژوانی دووهەمم ڕەوینەوەی پێکەنینی سەر سیما و ڕووخسارم بوو.

بە خیزماڵەکانی خەیاڵمدا داگەڕامەوە بۆ نێو مەتەرێزەکانی خەبات و تێکۆشانی داوێنی چیا، بۆ ئەوکاتانەی پێشمەرگەکان خۆیان گورج و گۆڵ دەکرد و پێکەنین سەرلێوەکانی بەر نەدەدان لە خۆشیی چوونەوەیان بۆ ناوچە.

هەڵزنان بوو بە سەر تاوێرە بەردەکانی شەخسی مالیمۆس، بەنێو دار تاوک و بەڵاڵووکەکاندا هەڵگەڕان بەرەو گیاڕەنگ، پشوویەک لەبن گیا کەما و نیگایەک لە گەڵای ڕێواسە پیرەکانی کوێستان و خوڕە خوڕی ئاو هەڵدێرەکان و تاوانەوەی بەفری بەر بەرۆژەکان، ئاودیو بوون بوو لە زەرتک و هۆمل و بووڵفەت و دەرکەوتنی سەوزە بووکی ناوچەی ئالانی سەردەشت، هەناره قەڵشیوەکانی بێتووش و گەرماوان و مەزناوێ و ئاشکان و قندۆڵ و گڕاوانی هەرزنێ.

بە خەندەکانی شەهید کەریم توژەڵی و کاک حەسەن قەلەڕەشی و پرخەی کاک لوقمان کەسرایی هەودای خەیاڵم پچڕا و تیر تێر لە نیگای سێ مێرخاسی مەتەرێزی سەخت و دژواری سەردەمی شاخ و پێشمەرگیەتیم ڕوانـــی. لەگەڵ خەندەکاندا دڵم کەوتە جۆلانەی خۆشی و هێدی هێدی منیش لەگەڵیان پێدەکەنیم، بزەم دەهاتێ و دادەگەڕامەوە بۆ سەردەمی زێڕینی خەبات لە داوێنی چیا و هەڵەمووتەکانی نیشتیمان. پێکەنینەکانم لە بەرچنێک دەکردن و بەرەو غوربەت و ئاوابوونی خۆزگە و هیواکان دەگەڕامەوە.

سەرم لەنێو چۆکەکانم دەگرت و پێلووی چاوەکانم بە دیار ماڵئاوایی پێکەنینەکان وەرزی خەزان و هاتنی پاییزە گوڵە فرمێسکەکانم بوو. ئەم هەورە ئاوسانەی فرمێسک چۆن دادەدەنە ڕێژنە و وەرزە پاییزی ئەسرین و خەمە.

ئەی کوا لە کوێن ئەو بەرچنە پێکەنینانەی لەگەڵ خۆم هێنانمەوە بۆ مەملەکەتە نامۆ و غەریبەکان؟ بۆچی دەبێ پێکەنینەکانیش لەم سەرما و سۆڵەدا گۆڕابن بە فرمێسک و ڕۆندک، بۆچی دەبێ وەرزی کاڵبوونەوەی پێکەنین و هاتنی وەرزی گریان و خەم بێ. کاتێ سەیری کۆشی خۆمم کرد، پەنجەکانم دروێنەی فرمێسکە گەرمەکانیان دەکرد.

***

**ئەمەگ و وەفای کوڕە پێشمەرگەیەکی نێو شۆڕش بۆ هەمووی ئەوانەی کە هاوڕێبازی باوکی پێشمەرگەم بوون و بۆ ئەوانەش کە ئەگەر بۆ تەنیا ساتێکیش جلوبەرگی پیرۆزی پێشمەرگەیان پۆشـــی.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جوونی ٢٠٢٠

# ڕوانینی د. قاسملوو بۆ زمان و پەروەردە

شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ٥٧ بووە هۆی کۆمەڵە گۆڕانکارییەکی بنچینەیی لە ئێراندا کە کوردستانیشی گرتەوە. بووژانەوەی فەرهەنگی بە تایبەتی لە بواری زمانەوانییدا لەسەر دەستی دەسەڵاتی حیزبی دێموکرات یەک لەو بابەتانەیە. گەلی کورد لەمێژ ساڵ بوو چاوەڕوانی دەرفەتێکی لەم شێوەیە بوو کە چیتر زمانەکەی لە ڕیزبەندی دووهەمدا دانەندرێ، بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هەستکردن بە بەرپرسایەتیی مێژوویی خۆی بوو، پێشەنگایەتیی ئەو ڕیسالەتەی گرتە ئەستۆ. لە ماوەیەکی کورتدا توانرا فێرگەی زمانی کوردی دابمەزرێن، بۆوەی منداڵە بێنازەکانی کوردستان ئاشنای فۆنەتیکی وشەی جوانی کوردی بن. دیارە ئەم خولیا و هەوڵە دەگەڕایەوە بۆ سەردەمێکی زۆر لەمێژینە، بە تایبەت تێکەڵاویی ئەدەبی لەگەڵ باشووری کوردستان کە ئەمە بە هەر شێوەیەکی مومکینی سەردەمی خۆی وای کردبوو بووژانەوەی زمانەوانی، زۆر بە زوویی پێشکەوتن بە خۆیەوە ببینێ و ڕێبەرایەتیی شۆڕش بە پەرۆشترەوە هەنگاوی پێویستی بۆ هەڵبگرێ.

ئەخشی د. قاسملووی ڕێبەر وەک کەسێکی ئاکادیمی لەو پرۆسەیەدا بەرچاوە، ئەو زۆر زوو هەستی بەم زەروورەتە کرد و لەم بوارەدا لە هیچ چەشنە هەوڵدانێک درێغی نەکرد. یەکێک لە سیفەتە تایبەتییەکانی د. قاسملوو ئەوە بوو کە لە بارودۆخ و هەلومەرجە هەرە دژوارەکانیشدا گرینگی و بایەخێکی زۆری بە بواری پەروەردە و فێرکردن دەدا. د. قاسملوو زۆر باش دەیزانی کە کۆمەڵگەی پێشکەوتووی بەرەو شارستانییەت بە خوێندن و پەروەردەکردن دێتە دی. ئەو دەیزانی ئەم پرۆسەیە زانا و پسپۆڕی چەلەنگ و چالاکی گەرەکە، بۆیە پێش هەموو کەس بۆ خۆی قۆڵی لێ هەڵماڵی و سەرباری هەموو پڕکارییەکانی بەڵام بۆ ئەو مەبەستە شەو و ڕۆژی دەخستەوە سەر یەک.

د. قاسملوو بە تەنیا گرینگیی نەدەدا بە پێگەیاندنی کادر و ڕێبەرایەتیی بە ئەزموون و قاڵبووی نێو کوورەی تێکۆشان و خەبات، بەڵکوو هەمیشە لە بیری ئەوەدا بوو کە کام دەڤەر و مەڵبەندی نیشتمانەکەی پێویستیی بە قوتابخانە و پەرتووک و مامۆستا هەیە.

ئەزموونەکانی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکرات دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ناوچە ئازادکراوەکان دەریخست کە هەرچەند ڕێبەرایەتیی حیزب تا ئەوکات لە تاراوگە و دوورەوڵاتییدا کوورەی خەباتی بەتین ڕاگرتبوو، بەڵام بە چەکی قەڵەم و پەروەردەوە خۆی بۆ مەیدانی نەبەرد تەیار کردوە. بۆیەش لەگەڵ گرتنەدەستی دەسەڵات لە ماوەیەکی زۆر کەمدا سەدان

قوتابخانە داندران و پەرتووکی کوردی چاپ کران و مامۆستایانی شۆڕش یەکەم ئەلف و بێی کوردییان بە گوێی منداڵان و فێرخوازانی تامەزرۆی وشە و زمانی زگماکدا چرپاند. خەرمانی پڕ بەرەکەتی وشە و زمانی کوردی سووڕی تێکەوت و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە بڕەودا بوو. منداڵان و بەشمەینەتانی نیشتمانمان فرچکیان بە وشەی زمانی شیرینی کوردییەوە گرت. خوێندن و نووسینی کوردی بوو بە خەون و خولیای شەو و ڕۆژیان، مامۆستایانی شۆڕشیش زۆر بە دڵگەرمی و دڵسۆزییەوە قۆڵی هیممەتیان لێ هەڵماڵی و بوێرانە هاتنە مەیدان. سروودی «ئەی ڕەقیب» بوو بە وێردی سەر زمانی گەورە و بچووک و ئاوڕشێنی دڵی تینووی ئەویندارانی ئازادیی دەکرد. گۆرانی و سروودی شۆڕشگێڕیی کوردی سەر لە نوێ لەدایک بوون و گەشانەوە و خەڵک توانییان پڕ بە سییەکانیان هەناسەی ئازاد و ئازادی هەڵمژن.

کارکردی حیزب لەو ماوەیەدا لە بواری زمان و ئەدەبی کوردی، بوو بە بناغەیەکی قایم بۆ داهاتووش. ئەوە بوو کە شەیدایانی هۆنینەوەی وشەی جوانی کوردی بە ئیلهاموەرگرتن لە هەستی نیشتیمانپەروەریی مامۆستا هێمن و مامۆستا هەژار و ڕووناکبیرانی دیوی گەرمێن، توانییان لەم ماوە کورتەدا شۆڕشێکی گەورە لە زماندا بێننە ئاراوە، کە ڕەنگدانەوەیەکی باشی لە دوای خۆی بەجێ هێشت؛ لە ڕاستییدا دەکرێ بگوترێ زمان لە مردن و لە نێو چوون بەرەو بووژانەوە گەڕایەوە.

وەک پێشتریش باس کرا ئەوەی لەم نێوەدا گرینگ و پڕ بایەخە، ڕۆڵی بەرچاوی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەست بە بەرپرسیاریەتی کردنیان، بە تایبەت شەخسی د. قاسملوو لەم هەلومەرجە تایبەتییەدا بوو کە بۆ گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات خولقابوو.

ئەمەگ و وەفا بۆ د. قاسملووی هەمیشە زیندوو کە حیزبەکەی بە ئیلهاموەرگرتن لە بنەما فیکرییەکانی وی وێڕای گرتنەبەری هەمە جۆرە خەباتێکی سیاسی و جیڤاکی و پێشمەرگانە، گرینگییەکی زۆر تایبەتیشی دا بە کۆڵەکە و بڕبڕەی کۆمەڵگە، کە ئەویش خۆی لە زمان و فەرهەنگ و کولتووردا دەبینییەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی جوولای ٢٠٢٠



سەرچاوە Serchawe

## کۆڕی هونەری، دەنگ‌وڕەنگی ڕاستەقینەی پێشمەرگە

لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی گەلانی ئێران و ئاشکرابوونی خەباتی ڕەوای گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، حیزبی دێموکرات بەپێی هەلومەرجی گونجاوی ئەو سەردەم کەوتەوە خۆڕێکخستنەوە و گرێدانی خەباتی شاخ بە شارەکانەوە. لە زۆربەی شار و شارۆچکەکان و هەتا گوندەکانیش شۆڕش تێکۆشانێکی بەربەرینی جەماوەریی دەست پێکرد و لە زۆربەی ناوچەکاندا لاوان بە پێکهێنانی گرووپی هونەری، شانۆ و سروود خۆیان لەگەڵ جموجۆڵە هونەرییەکانی ئەوکاتی کۆمەڵگەی کوردستاندا گونجاند، و لەم ڕێگایەوە بزاڤی ڕووناکبیری بە تایبەت لە بارەگاکانی ئەوکاتی یەکیەتیی لاوندا گەشەی سەند.

لەگەڵ جێگیر بوونی دەسەڵاتی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی و داگیرکردنی کوردستان، ڕێژیم هەم شەڕێکی قورس و گەورەی بەسەر کوردستاندا سەپاند و هەم شەڕێکی نەرمی درێژخایەنی لەدژی جووڵانەوەی کورد خستە دستووری کاریەوە. دیارە گەلی کورد هەر وەک لە مێژوودا نیشانی داوە لە بەرامبەر هیچ زوڵم و زۆرێکدا دەستەوەستان نامێنێەوە و بە چۆکدا نایە. بۆیە بە شانازی و ئازایەتییەوە ڕێگای خەبات و بەرگری لە کوردستانی هەڵبژارد. خەڵک و پێشمەرگە لە سەنگەری بەرگریدا خۆیان دیتەوە و بەشدارییان لەو شەڕە داسەپاو و نابەرامبەرەدا کرد. لەو بارودۆخەدا حیزب بۆ پاراستنی گیانی خەڵک بنکەکانی بردنە دەرەوەی شار و شارۆچکەکان. وردە وردە شەڕ لە قۆناغی جەبهەییەوە دەگۆڕا بۆ شێوەی پارتیزانی، بەڵام خەبات و بەربەرەکانی بۆ پاراستی خاکی کوردستان لەو پەڕی خۆیدا بەردەوام بوو. بەپێی قۆناغی نوێی شۆڕش خەباتیش ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات، شار و شارۆچکەکان بۆ سەلامەتیی خەڵکەکەی بنکە و بارەگای ڕێکخراوەکانی تێدا نەمان و ڕوو لە کەژ و کێو و گوندەکانی کوردستان کرا، لە هەموو کۆمیتە شارستانەکانی هێزەکاندا بەشێکی بەرچاو لە لاوان خەریکی کاری ڕێکخراوەیی و تەبلیغاتیی خۆیان بوون. بەتایبەت ئەوکات دەکرێ بگوترێ هەر هێزەی بەشێکی تایبەتی بە ئینتیشارات و بەشی هونەریی خۆی هەبوو. لەگەڵ بەرتەسک بوونەوەی مەیدانی خەبات و هێرشی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی وردە وردە بنکە و بارەگانی هێز و ڕێکخراوەکانیش بەرەو سنوورەکان گوێزرانەوە، بەڵام لەگەڵ بەردەوام بوونی خەباتی چەکداری و پێشمەرگانەش بەشی هونەری بەردەوام بوو لە کاروچالاکیی خۆی. لەوانەیە لە هەندێک کاتدا بەپێی هەلومەرجی جوغرافیایی و شەڕ ئەویش کەوتبێتە دۆخی کەوتن و هەڵستانەوە، بەڵام پاشان حیزب بۆ ئەوەی ئەو هێز و پوتانسێلە بە فیرۆ نەچێ، بڕیاری دروستکردنی کۆڕی هونەری درا. هەڵبەت پێشتر کۆڕی هونەری لە فێرگەی سیاسی-نیزامی بوو، بەڵام پاشان لەو بەشە جودا کرایەوە و بوو بە بەشێک لە ئۆرگانەکانی تری حیزب.

لەگەڵ ئاودیو بوون بۆ بەری کوردستانی باشوور بەتایبەتی لە ناوچەکانی شارباژێڕ، گەڵاڵە، گەورەدێ، کۆڕی هونەریی ئەوکات بوو بە مەکۆی کۆکردنەوەی چەندین شاعیری شۆڕشگێڕ و خاوەن بەهرەی شۆڕشگێڕی. لە هەمان کاتیدا چەند فیلمێکیش لەو سەردەمدا کە زۆرترین گرتەکانی لە ناوچەکانی کوردستان هەڵگیرابوونەوە بەرهەم هێنران کە دەکرێ ئاماژە بە "نان و ئازادی"، "ژیان و خەبات" و بەرهەمهێنانی دەیان شانۆ بکەین.

وەک ئاماژەی پێکرا، کۆڕی هونەری ئەوجار بوو بە ناوەندێکی ڕووناکبیری و مەڵبەندێک بۆ شێعر، شانۆ، سروود، گۆرانی و، هەندێک کاتیش نیشاندانی بەهرەی نیگارکێشی. لەم ناوەندەدا شاعیرانی شۆڕشگێر هۆنراوەی شۆڕشگێڕییان تێکەڵ بە خەبات کرد، دەنگە ڕەسەنەکان سروودی نیشتیمانییان چڕی، شانۆی شۆڕشگێڕی پێشکەش کران، فڵچەوڕەنگی پێشمەرگە وێنەی نیشتیمان و پێشمەرگەیان وێنا کرد.

بەشێوەیەکی گشتی کۆڕی هونەری جگە لە خەباتی پێشمەرگانە، لە بواری کۆمەڵایەتیشدا دەیان خزمەتی بەرچاو و گەورەی وەکوو خەباتی پێشمەرگانە بە گەل و نیشتیمانەکەی کرد. ئەم کاروانی تێکۆشانە تاکوو ئێستاش بە گوڕ و تینی جارانەوە بەردەوامە و بەرهەمی جوان جوان بۆ کوردکاناڵ و سۆسیال میدیای حیزب لە بیروهزری هونەری پێشمەرگانەیاندا دەخوڵقێنن...

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## خەرمانە خەمی خەرمانان

شەوێکی تاریک و تووکە، هێدی هێدی دڵۆپە بارانە سەرلێشێواوەکان بەدەم کزەبایەکی سارد خۆیان بە پەنجەری ژوورەکەم دادەکێشن، پەردەکە لا دەدەم، دڵۆپی بارانەکان بە شووشەی پەنجەرەکەدا بەرەو خوار لێژ دەبنەوە ، سەیرە زۆرتر لە فرمێسک دەچن تا دڵۆپە باران.

دڵم پڕە، ناخم چەند ڕۆژە بۆتە گرکانێکی هەڵچوو بۆ شەهیدانی ١٧ خەرمانان. خەمەکان لە دەروونمدا شەپۆلان دەدەن و خۆیان بە کەنارەکانی ناخی زامدارمدا دەدەن، ڕۆژ نییە دووسێ پۆست لە وێنەی شەهیدانی خەرمانان و نووسینەکانم لە سەر لاپەڕەی فەیسبووکەکەم بڵاو نەکەمەوە، بەدیار وێنەکان و دێڕ بە دێڕی نووسینەکانم دەگریم و فرمێسکان هەڵدەوەرێنم !

ئەمشەو کە هێندەی نەماوە بۆ یادی کارەساتی ١٧ی خەرمانان دڵم لە هەموو کاتێک زیاتر دەگوشرێ، هەست بە پچڕانی شادەمارەکانی دڵم دەکەم ، ئەم ماوەیە سەیری هەر نووسراوە و وێنەیەک دەکەم، هەموویان چیرۆکە بەژانەکەی خەرمانانم بیر دەخەنەوە، هێندی تر لە گژ فکران ڕادەچم، بەخۆم نییە خۆڕسکانە بیری شەو و ڕۆژم بۆتە ئەو فیلمانەی کە لە دووری هەزاران کیلۆمیترەوە لە مووشەکبارانی قەڵای دێموکراتم دەبینی. کەژاوەی سووری دوورو و درێژی شەهیدان و دەیان برینداری دەبینی، ئا لەم کاتانەدا لە ژانی ئازارەکانی قەڵادا خۆم بە داروبەرد دادەدا، دەگریام، تاڵە مووەکانی خۆمم دەڕنی، بەردەوام لە پەیوەندیدا بووم لەگەڵ کوردستان، دڵە و لە شوێنێکی قایمدایە و ئەم ڕوحە لە کێشان نایە...

شەوە تاریک و نووتەکەکە هەر خۆی لە بەر یەک دەکێشێتەوە، دڵی منیش کەوتۆتە جۆلانەی ژان و چاوەکانم فرمێسکیان تێدا قەتیس ماوە. هەر دێ و ناخم زیاتر دەهەژێ، تازە لە نووسینی بابەتێک بوومەوە، بۆ یادی ١٧ی خەرمانان دڵم هێندەیتر لەکوڵە، بڕیار دەدەم بەو بارانە کەمێ لە ژوورەکەم بچمە دەرێ، بڕۆمە ژوانی ئەو دڵۆپە بارانانەی کە وەک فرمێسکەکانی من بە دڵئێشاوی هەورە ئاوسەکانیان جێ دەهێشت و خۆیان لە باوەشی زەویدا دەدیتەوە، شەو درەنگە، لە بەر گڵۆپی پێش ماڵەکەمان سەیری ڕێژەوەی بارانەکە دەکەم کە بە دەم کزە بایەکەوە خێراییان زیاتر دەبێ بەرەو زەوی ، هەورەکان دەگرین، دڵۆپەکان هەڵدەوەرن، دیدەکانی منیش بۆ شەهیدانی خەرمانان گۆمیلکەی خوێنن، کاتێ بە ڕوومەتمدا بەرەو خوار شۆڕ دەبنەوە هەست بە تامی سوێریان دەکەم، گریانی فرمێسکی هەورەکان ئاوێتەی فرمێسکەکانی منیش دەبێ، دەستە برایەتیی فرمێسکی من و هەورەکان هێندەی تر خۆشتر دەبێ.

حەزم لێیە بەو شەوە تاریکە باسی فرمێسکەکانی خۆم بۆ دڵۆپە بارانەکان بکەم، بڵێم هەورە ئاوسەکەی غورِبەت دەزانی هێندەی نەماوە بۆ ئەو کاتەی کە نیشتیمانی من ئازارەکانی خەرمانانی لەدایک دەبنەوە، دەزانی هێشتا چەند ڕۆژێکی ماوە پێش ئەوەی قەتارەی گڵگۆی شەهیدانی دێموکرات لە مەزاری شەهیدان لەگەڵ کۆنە یاران کێلەکانیان دەست لەملان ببنەوە، دەمەوێ دڵۆپە بارانەکانیش گوێ بۆ خەمەکانم ڕادێرن، ئەوانیش وێنای من لەم غورِبەتە نامۆیەدا دڵۆپی ڕۆندکیان بۆ شەهیدان هەڵڕێژن.

خەمەکانی خەرمانانیان بۆ باس دەکەم، لە هەڵوەرینی فرمێسکەکانی مندا هەست دەکەم دڵۆپە بارانەکانیش گوێم بۆ شل دەکەن و لە هەڵوەریندا هاوڕێیەتیم دەکەن، ئەوان لێم دەپرسن و ئەمنیش بە هەنیسکەوە وەڵامە فرمێسکیان دەدەمەوە، دەڵێم هەورەکانی غوربەت، دڵۆپە ئاوە نامۆیەکان، لە نیشتیمانی من ئێستا وەرزی بارینی دڵۆپە باران نییە، لە نیشتیمانی من ئێستا وەرزی خەرمانی خەمی خەرمانانە، لەوێ دڵەکان ئێستا لە هەژان دان بۆ یادێک کە کەژاوەی مەرگیان بۆمان خوڵقاند.

ئەمن هەر دەگریم و دڵۆپەبارانەکانیش خۆیان بە ڕووخساری گەرممدا دەدەن، سۆزم دەدەنێ لەم وەرزی وشکی و هاوێنەدا فرمێسکەکانی منیش لەگەڵ خۆیان هەڵبگرنەوە، ڕێی دەڤەرێک بگرن کە شەهیدستانە، تەپۆڵکەیەک کە لە باوەشی خۆیدا دەیان دڵی گەرمی عەوداڵی ڕزگاری و ئازادیی نیشتیمان و گەلی لە هەناویدا جێ کردۆتەوە، تەپۆلکەیەک کە لەپێشدا چەقڵەستان بوو، بەڵام ئێستا باغی سووری شەهیدانە، ئەو تەپۆلکەیەی کە ئێستا بۆتە قیبلەی ئەو شۆڕشگێڕانەی کە هەموو ڕۆژێ بەرماڵی فرمێسکی وەفاداری بۆ ڕێ و ڕێبازی شەهیدان ڕادەخەن و پەیمانی لە مەتەرێزی خەباتدا بوونیان نوێ دەکەنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠

## "نان و ئازادی" لەدایک بووی هەناوی گەلێکی چەوساوە

سەرەتای شۆڕشی گەلان ئێران و ڕژانە نێو شەقامە، هروژمی ئاپۆڕای خەڵک بەدەم شنەی ئازادیی ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی لە ماوەیەکی کەمدا جارێکیتر سییەکان پڕ بوونەوە لە هەوای ئازادی، ئاوەدانی، کردنەوەی قوتابخانە و خوێندن بە زمانی زگماکی کوردی، بووژانەوەی ناوەندە ڕووناکبیرییەکان و؛ هەڵدانەوەی لاپەڕەی ڕزگاریی گەل و نیشتیمان لەو سەردەمدا هیوابەخش بوون. بۆیە پۆل پۆل خەڵک تەڤلی شۆڕش دەبوون و لە ناوەند و ستادەکانی پێشمەرگەدا خۆیان ناونووس دەکرد و چەکی بەرگری و شەرەفی پاراستنی کوردستانیان دەکردە شان و دەبوون بە پارێزەری نیشتیمان.

ئەو ئازادییەی کە هاتبووە کایەوە بەرهەمی خەباتی چەندین ساڵەی شۆڕشگێڕان و هەستی پەنگخواردووی خەڵک بوو دژی نیزامی چەوسێنەری پاشایەتی، بەڵام شنەی ئازادی زۆر بەزوویی جارێکی تر گۆڕا بە شەڕ و ماڵوێرانی و گرتنەوەی سەنگەری بەرگری لە کوردستان، ئەو جار خەڵک و پێشمەرگە لە سەنگەردا یەکیان گرت و شەڕی سێ مانگە بە سەر کوردستاندا سەپا.

ورەی بەرزی خەڵک و پێشمەرگە لە هەموو ناوچەکاندا لە بەرامبەر هێزی زۆر و بۆری کۆماری ئیسلامیدا پۆلا ئاسا لەمپەری گرت، شەڕ بەردەوام بەڵام شۆڕش لە جەنگەی گەرمی خەباتی مەدەنیی خۆیدایە، لاوان، ژنان هەموو چین و توێژێک لە شۆڕشدا بەشدارن، ئا لەو سەردەمدا بوو بیر و هزری کاک تەیفوور بەتحایی چەکەرەی کرد و کەوتە بیری فیلمێکی دیکۆمێنتاری لەسەر خەڵکی کوردستان و خەباتی پێشمەرگانە. دەست و پەنجەکانی وەستا عەولاش کەوتنە گەڕ بۆ گرتنی ئەو سێکانسانە.

هەر چەندە ئامرازەکانی دروست کردنی فیلم لەو سەردەمدا ئەوەندە پێشکەوتوو نەبوون، بەڵام فیلمی نان و ئازادی شاکاری ئەو سەردەم بوو، ڕەنگدانەوەی ژیانی سادەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، شەڕ، لە هەمان کاتدا لە گۆشە نیگایەکی ترەوە نیشاندانی خەباتی پێشمەرگانە بوو. دەرهێنەری ئەو فیلمە دیکۆمێنتارییە لە پاش لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنێکی باشی ئەو سەردەم کە فشاری هێزەکانی دوژمن بۆ سەر خاکی کوردستان لەو پەڕی خۆیدا بوو ، توانی سیمای ڕاستەقینەی خەڵکی کوردستان و پێشمەرگە لە ڕێی زوومی کامێراوە نیشانی گەلان بدا. دوبلاژ کردنی فیلمەکە بە تایبەتی بۆ زمانی فەڕانسەوی دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو، هێدی هێدی لەڕێی هونەری فیلمی دیکۆمێنتاریەوە گەلی کورد هاتە نێو مەیدانی نیشاندانی

خەبات و بەرگری لە خاکەکەی.

فیلمی دیکۆمێنتاریی نان و ئازادی جگە لە بوارە مێژووییەکەی، دەکرێ بگوترێ شوێندانەرێکی باش بوو لەسەر بیروهزری نەوەی نوێ بەتایبەتی ئەو لاوانەی تازە پێ دەگەیشتن و هەستی نیشتیمانپەروەرییان لەو پەڕی جۆشی خۆیدا بوو، لە لایەک کە هەموو کوردستان لە شەڕی پاراستنی خۆیدا بوو، لە لایەکەی تریشەوە لە ڕێی مێدیاوە کێشە و ئاریشەکانی گەل نیشانی خەڵک و گەلانی تر دەدرا.

نان و ئازادی لەو سەردەمدا شۆڕشێک بوو، تەواوکەری ئەو خەباتە پێشمەرگانەیە بوو کە بۆ پاراستنی خاکی کوردستان ڕاسابوو.

**ئێستاش پاش چەندین دەیە لە بەرهەمهێنانی ئەو فیلمە دیکۆمێنتارییە، «نان و ئازادی» هەروا شوێندانەرێکی گەلێک باشە لە ڕووە ڕاستەقینەکەی خەباتی خەڵک و پێشمەرگە.**

**لەو فیلمەدا کاک تەیفووری بەتحایی لەگەڵ دەست و پەنجەی وەستا عەولا لە زۆر گۆشەنیگای ژیانی خەڵک و پێشمەرگەوە توانییان جوانترین گرتەی فیلم نیشان بدەن و خەبات و خەڵک ئاوێتەی یەکتری بکەن.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## "زانیاری بۆ ڕزگاری" و "قوتابخانە سەنگەرمانە"

"زانیاری بۆ ڕزگاری" و "قوتابخانە سەنگەرمانە" لەو دروشمە جوانانە بوون کە کاتی خۆی لە قوتابخانەکانی شۆڕشدا هەڵداوەسران و قوتابییان بەم دروشمانە بۆ داهاتوو پەروەردە و گۆش دەکران. سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران و ڕەوینەوەی ترسی حوکمی پاشایەتی بە تایبەتی لە کوردستاندا بوو بە هۆی بووژانەوەی بواری فەرهەنگی و کولتووری و جارێکی تر بە بیروهزری کوردانەوە دەرگای خوێندنگە و قوتابخانەکان بە ڕووی شەیدایانی فێربوونی زمانی زگماکی کوردی خرانە سەر پشت و لە ماوەیەکی کورتدا گۆڕەپانی قوتابخانەکان لە قوتابییان جمەی هات و سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب بوو بە وێردی سەرزمانی قوتابیان و شنەی ئازادی باڵی بەسەر نیشتیماندا کێشا.

زۆری نەخایاند پەڕتووکی کوردی بۆ قوتابخانەکان لە لایەن شۆڕشەوە بە ڕێژەیەکی باش چاپ کران و قوتابیان مژووڵی خوێندن و مامۆستایانی شۆڕش ئەرکی وانە وتنەوەیان گرتە ئەستۆ. لە شار و شارۆچکە و ناوچەکاندا مەڵبەندی ڕاهێنان بۆ زمانی کوردی دانران.

زمانی کوردی لە ماوەیەکی زۆر کورتدا پەرەستاندنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی و فێرخوازان بە تامەزرۆییەوە ڕوویان لە مەڵبەندەکانی خوێندن دەکرد، سرودی نیشتیمانی لە لایەن قوتابیانەوە لەبەر دەکران و لە بۆنە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکاندا دەگوترانەوە، ئەمە دەستپێکێکی باش بوو بۆ بووژانەوەی زمانی کوردی کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا تاکوو ئەو سەردەم یاساغ بوو.

لەم نێوەدا ئەرکێکی گران کەوتە سەر شانی ئەو خەمخۆرانەی کە شۆڕشیان بەڕێوە دەبرد، چ لە دابین کردن و چاپ کردنی پەڕتووکی کوردی، چ لە خوولی ڕاهێنان بۆ مامۆستایانی شۆڕش و دابین کردنی کەرستەکانی خوێندن.

ئەو هەلومەرجەی کە ئەو سەردەم بە هیممەتی شۆڕش و بیری ئازادیخوازانی نیشتیمان هاتە کایەوە بوو بە دەرفەتێکی باش بۆ خۆ پێگەیاندن و تۆکمە کردنی زمانی کوردی، هێدی هێدی پەروەردەیی لە زمانەوە ڕووی لە چەمکەکانی تری فەرهەنگی و کولتووری کرد و وەگەر کەوتنەوەی یەکیەتیی لاوان لەو سەردەمدا لە هەموو شار و شارۆچکەکان و هەتا لە گوندکانیش ڕەخسانی بوارێکی باش بوو بۆ شانۆ، سروودی شۆڕشگێڕی و بە گشتی خۆ جۆشدان گەڵ ئەو سەردەمی خەباتدا.

دوای ئەوەی کە هێرشێکی بەربڵاو لە لایەن حکومەتی ناوەندی کرایە سەر کوردستان و شەڕێکی سەخت و خوێناوی بۆ پاراستنی خاکی کوردستان دەستی پێکرد، قوتابخانە و خوێندنگاکانیش کەوتنە قۆناغێکی تر، بەڵام شۆڕش لە گەڵ ئەوەی لە هەموو ناوچەکاندا کە حاڵی بەرگری و شەڕدا بوو، بواری پەروەردەی فەرامۆش نەکرد و کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سەراسەری لەو سەردەمدا ڕۆڵێکی گەلێک گرینگ و بەرچاوی بینی، ئەو جار مامۆستایانی شۆڕش لە لایەکەوە کە مامۆستا بوون و مژووڵی وانە وتنەوە بوون، لە لایەکەی تریشەوە چەکی شەڕەفی پێشمەرگانەیان لە شاندا بوو قۆناغ بە قۆناغی شۆڕش ئاوێتەی شۆڕش بوون و ئەرکەکانی خۆیان بە باشترین شێوە بەڕێوە دەبرد. سەرەڕای هەموو ئەو سەختی و دژواریانەی کە دەهاتە سەر ڕێگەیان لەو سەردەم دا، بەڵام قوتابی و قوتابخانەکانیان لە یاد نەکردن و دروشمەکانی زانیاری بۆڕزگاری و قوتابخانە سەرنگەرمانە هەروا دروشمی سەر زاری قوتابیان بوون و بۆ داهاتووی خەبات خۆیانیان پێ تەیار دەکرد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠

## لە هەناوی هەستبزوێنی شمشاڵەکەی مامە قالەوە

### پێشکێش بە یادی ٩٥ ساڵەی لەدایکبوونی ئیمپڕاتوری شمشاڵ

زۆر جاران پەنجەی سەر ئامێرەکانی مۆسیقا و ئاوازژەنین سنوورەکان دەبەزێنن، خودان پەنجە و قورگە بەهرەمەندەکان خۆشەویست دەبن و ژەنینی ئاواز هەستی مرۆڤەکان تەژی لە خۆشی و هەندێک جاریش دڵی مرۆڤەکان دەگوشێ.

ژەنینی هەر ئاوازێک لەم کەون و گەردوونەدا چیرۆکێکی ڕاستەقینەی لە پشتە، لە بواری ئازایەتی و جەنگاوەریدا ، لە ئەوین و خۆشەویستیدا، وەسفی سروشت و جوانی مرۆڤدا، زۆر جارانیش دەربەدەری دەبێتە هۆی نۆتە گەلێکی گەلێک جوان... هتد.

ئەوەی لێرەدا بۆتە هەوێنی نووسینی ئەم دێڕانە دەست و پەنجەی ڕەنگینی مرۆڤێک کە تاکۆتایی هەناسەی ژیانی تورِی بە بلوێردا کرد و ئاوازی بۆ نیشتیمان ژەنی، لە ڕێی لەرەی پەنجەکانی و پشووە درێژەکانی گەروویەوە شاکاری خوڵقاند و ئەو مرۆڤە خۆشەوستەی لێ دەرچوو کە هەر لە بینینی شمشاڵەوە مرۆڤ دەکەوێتەوە بیری دڵی شەیدای نیشتیمان خۆشەویستیی مامە قالە مەڕە.

قادر عەبدوڵلازادە ناسراو بە قالە مەڕە کە زۆرتر "مامە قالە"یان پێدەگوت، لە یەکەم ڕۆژی مانگی سەرماوەزدا، لەگەڵ شنەبایەکی وەرزی سەرماوەزدا بۆ یەکەمجار ئاوازەی گریانێکی بە ڕووی ژیانەوە ژەنی، لە سەرماوەزی ساڵی ١٩٢٥دا مرۆڤێک بە مرۆڤەکانی گوندی کولیجەی سەر بە بۆکانەوە زیاد بوو، ساوایەک کە پاشان بوو بە وێردی سەر زاروزمانان و هێدی هێدی سنووره دەستکردەکانی کوردستانی چوار دەستەبراشی تێپەڕاند. لە قۆنداغە بوونەوە بۆ هەڵڕوسکان و دارە داری بن دیواران، کەوتنە سەرپێ و ئارامی و هێدی بوونی لە هەڵسوکەوتدا بوو بە نازناوێکی گەلێک خۆش کە تاکوو دواهەناسەشی ئەو نازناوەی پێ برا.

لە باڵاکردنیدا پەنجەکانی بوونە هاوڕێی شمشاڵ و تاکو کاتی کۆچی دوایشی شمشاڵەکەیان لە ئامێز گرت و بۆ تەنیا ساتێکیش پەنجە و شمشاڵەکە بەبێ یەکتر نەژیان. شوانی دەبێتە پیشەی ژیانی و سروشتی جوانی کوردستان و تەنیا بوون



سەرچاوە Serchawe

بەدیار پەزەکانیەوە عەوداڵی شمشاڵ لێدانی دەکا و چیرۆک و سەربردە و گێڕانەوەکان لەڕێی پەنجەکانیەوە دێنە ژوانی ئاوازی ڕەسەنی کوردییەوە. لە ماڵباتەکەی خۆیدا سنوورە و سنووری شاران دەبڕێ، لە ڕێگای ڕادیۆ کە ناوەندی ڕاگەیاندنی ئەو سەردەم بوو، لە سنە، کرماشان، ورمێ، تاران و مەهاباد ناوبانگ دەردەکا و ئەفسانەی شمشاڵ ژەنینی کوردستانی ڕۆژهەڵات هێندەی تر دەبێتە وێردی سەر زاروزمانان.

کەش و هەوای ئەو سەردەم بۆ بڵاو بوونەوەی ناوبانگی مامە قالە هەموارتر دەبێ کاتێک لەگەڵ چریکەی دەنگی هونەرمەندی گەورەی کورد حەسەن زیرەک ئاشنا دەبێ. نەبینیی باوک و پاشان لە تەمەنی منداڵیدا کە دایکی کۆچی دوایی دەکا هێندەتر لە ژیاندا بەشمەینەت دەبێ و ژیانی بێسەرپەرستی بڕستی لێ دەبڕێ.

لە کاتێکدا پەیوەندی بەکۆماری کوردستانەوە دەکا و لەگەڵ مامۆستا هێمن و مامۆستا هەژار بناغەی دۆستایەتی دادەمەزرێنێ، دوای لە سێدارەدانی پێشەوا قازی مەحەممەد و جوانەمەرگ بوونی کۆماری کوردستان، مامە قالەش بە ناچاری بەرەو دیوی کوردستانی گەرمێن پەڕیوە دەبێ و ژیانی دەربەدەری لەو کاتەوە دەست پێدەکا. هاوڕێیەتی لەگەڵ مەلا ئاوارە و مەلا مەحموودی زەنگەنە و سولەیمانی موعینی دەبێتە زیاتر جۆش دانی هەستی کوردایەتی مامە قالە. تا سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشی گەلانی ئێران بە نهێنی پەیوەندی بە شۆڕش و حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە هەبوو.

سەرەتای دەست بەکار بوونی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران، شمشاڵی مامە قالە مارشی بوونەوەی ئەو ڕادیۆیە بووە ، هاوەڵێکی بەردەوام، دانەبڕاو، لە سەردەمی خەباتی چەکداری و پێشمەرگانەی ئەو سەردەم و هەتا ئێستاشدا. لە تۆنی دەنگی شمشاڵی مامە قالە مەڕەدا دەتزانی کە ئەو ڕۆژانە هەواڵی سەرکەوتنی پێشمەرگە دەبیستی، یاخود ڕژانی خوێنی سووری چەند شەهیدێک، نیشتیمان هێندەی تر ڕەنگین دەکا؟

**پەنجە و بلوێر و قوڕگێک تا ژیا و فووی بە شمشاڵدا کرد بۆ کورد ژیا و، فەرهەنگە ئاوازی ڕەسەنی کوردی ژەنی.**
**یادی هەرمان...**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٠

## لە چراخانەکەی بورجی ئیڤێلەوە بۆ شەوانی ئەنگوستەچاوی کوردستان

کە شۆڕش لە جەنگەی گەرمی خەباتی شاخدا بوو، حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک قەڵایەکی پتەو بەرامبەر بە هێزی زۆر و بۆری کۆماری ئیسلامی ڕاوەستابوو. چیا و دۆڵەکانی کوردستان جمەی دەهات لە پێشمەرگە و، پێشمەرگە گەورەترین سەرروەریی بۆ نیشتمان لە دیرۆکی خەبات و تێکۆشاندا تۆمار دەکرد، ئا لەو سەردەمە دژوارەدا پێوەندییە دیپلۆماسیەکانی ڕێبەری شەهید دوکتۆر قاسملوو لەگەڵ ڕێکخراوە بەشەردۆستەکانی جیهان بە تایبەتی پزیشکانی بێسنوور لە وڵاتی فەرانسە بەرگێکی زێڕینی لەو مێژوویە هەڵدایەوە. ئێستا ئیدی ناوەکانی د.کوشنێر، د. گرانژۆن، د. فرێدریک تیسۆ بۆ گەلی کورد ناوێکی تەواو ئاشنایە. ناوهێنانی ئەو گەورە پزیشکانە دەمانخاتەوە بیری ئەو کاتانەی کە ئەوان لە دژوارترین هەلومەرجی جیهانی و ناوچەییدا لە بواری پزیشکییەوە پشت و پەنای جووڵانەوەی گەلی کورد بوون. بۆیە هەر کاتێک ناویان دێت زنجیرە ئەڵقەی ئەوە پێوەندییە گەرموگوڕەمان بیر دێتەوە کە کاتی خۆی ڕێبەری شەهیدمان دوکتۆر قاسملوو دروستی کردبوو. بۆ ئەوەی زۆر پزیشک و کادری دەرمانی بێنە کوردستان و لەو ناوچانەی کە شۆڕش نەخۆشخانەی هەبوو مژووڵی کاری پزیشکی بن، یاخود کۆڵەپشتیی تەژی لە دەرمان بکەنە شان و، شانبەشانی پێشمەرگە ژیانی شەوان و ڕۆژانیان چیا و کۆسارەکانی کوردستان بێ.

لەو نێوەدا ناوی دوکتۆر "فرێدریک تیسۆ" بەتایبەت ناوێکی ئاشنا و خۆشە لەسەر زاران، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی ئەوکات لە جەنگەی خەباتی شۆڕشگێڕی و شاخدا بوون. پزیشکێکی باریکەڵەی گورجوگۆڵ تێکەڵ لەگەڵ بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تایبەتی شەخسی دکتۆر قاسملووی شەهید. دوکتۆر فرێدریک تیسۆ ئەمەگناسی ڕێبەری شەهیدمان بوو، دوای شەهیدبوونی ڕێبەر د. قاسملووش کەم وا هەیە لە ساڵڕۆژەکانی شەهیدبوونیدا، سەرەڕای وەنێو کەوتنی تەمەن و لە پێ کەوتنی خۆی نەگەیەنێتە پێرلاشێز یان لە کۆڕ و کۆبوونەوە تایبەتییەکانی ئەم بۆنەیەدا بەشدار نەبێ.

**ئەمەگ و وەفاداریی ئەم کەسایەتییە بیانییە دەخوازێ هەمیشە بە چاوی گەورەیی و ڕێزەوە لە دکتۆر فرێدریک تیسۆ بڕوانین و خۆشەویستیی سەردەمی شاخمان بۆی هەبێ.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی دێسەمبەری ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## بیری پێشەوا و هێزی کۆمار

**من تامردن لەگەڵ ئێوە دەبم، دەمەوێ ئەوەشتان پێ بڵێم ئەگەر لە پێناو کورددا نەمرم، یانی هیچم نەکردووە.**

**پێشەوا قازی محەممەد**

٧٥ ساڵ لەمەوبەر یەکەم نۆبەرە کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد دادەمەزرێ. ئەگەر ئاوڕێک لە هەلومەرجی جیهانی و ناوچەیی ئەو سەردەم بدەینەوە دامەزرانی وەها کۆمارێک ٧٥ ساڵ لەمەوبەر کە ئێران بەگشتی و کوردستان بە تایبەتی ببوو بە ناوەندی کێبەرکێی هێزە دەسەڵاتدارەکانی دنیای ئەو سەردەم، هێندە ئاسان نییە. بەتایبەت لە ناوچەیەکدا کە گەلەکەی دابەش کرابێ بە سەر چوار پارچەدا و دەسەڵاتدارە جیهانیەکانی ئەوکات چاوی تەماحیان تێ بڕیبێ. بۆیە بۆ ئەو سەردەم دامەزرانی کۆمارێک بە ناوی کۆماری کوردستان پێویستیی بە بیرمەندێک بووە کە لە هەموو بوارێکەوە لێکدانەوەی ورد و تایبەتی بۆ ئەو کارە مەزنە کردبێ.

بوونی پێشەوا قازی محەممەد لەو سەردەمەدا کە کەسایەتییەکی سیاسی، خۆشناو، خۆش بەیان، جێی متمانە و لە هەمان کاتدا ئەدەبدۆست و هونەردۆست، دێموکراتێکی نیشتیمانپەروەر و بڕوامەند بە گیانی تەبایی و یەکگرتوویی ئەو بیرمەندە بوو کە ئەو ئەرکە قورسەی خستە سەر شانی خۆی.

ژیانی لاویەتی و گەشەکردنی بیری نەتەوایەتی و ئاوێتەبوونی بیری زانستی هەروەها زاڵ بوون بە سەر چەند زمانێکی گرینگی ئینگلیزی، فەڕانسەوی، عەرەبی، فارسی و تا ڕادەیەکیش ڕووسی لە تەنیشت تایبەتمەندییە سیاسی و خەسڵەتە درەوشاوە مرۆییەکانی کەسایەتییەکی تەواو کاریزماتیکی بە پێشەوا بەخشیبوو. پێشەوا قازی محەممەد دوای کۆچی دوایی باوکی دەبێتە قازیی شار و بەرپرسایەتیی ئەوقافی ئەوکاتی شاری مەهاباد وەئەستۆ دەگرێ و تێکەڵاوی لەگەڵ ئیدارەی فەرهەنگ ئەو هەلەی بۆ دەڕەخسێنێ کە یەکەم قوتابخانەی کچان لەو شارەدا دابمەزرێنێ، هەروەها هەنگاوی گرینگ و کارساز بۆ چارەسەری ناکۆکیی عەشیرەتەکان لەگەڵ یەکتری هەڵگرێ.

پێشەوا قازی محەممەد بە چوونی بۆ نێو ڕێکخراوی سیاسیی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ ک) و وەرگرتنی بەرپرسایەتی زیاتر هیوای خستە دڵی خەڵکی مەهابادەوە. سەفەری پێشەوا بۆ یەکیەتیی سۆڤییەت و پاشان دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕەوڕەوی ژیانی سیاسیی قازی محەممەدی گۆڕی. ئەو بڕیاری کارە هەرە مەزنەکەی دابوو. ئەوە بوو کە



سەرچاوە Serchawe

لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤دا دامەزرانی یەکەم "کۆماری کوردستان"ی بە بەشداریی نێردەی کوردانی پارچەکانی تری کوردستان و نوێنەرانی هەموو چین و توێژەکانی کوردستان ڕاگەیاند.

دوای دامەزرانی کۆمار، خەڵکی کوردستان نازناوی پێشەوایان بە قازی محەممەد بەخشی. ئەگەرچی هەموو تەمەنی کۆمارەکەی کوردستان تەنیا ١١ مانگ بوو، بەڵام پاش ٧٥ ساڵ قازی محەممەد هەروا پێشەوای هەموو کوردان و ئامانج و بڕواکانی زیندوون و ئامانج و خەونی هەموو کوردانن. پێشەوا هەر لەو ماوە کورتەدا قوتابییەکانی فێری بەردەوامیی خەبات و کۆڵنەدان کردبوو، بۆیە ئەگەرچی مامۆستای ئەم شۆڕشە سەری بردە بن دار، بەڵام ئەو نەمامەی پێشەوا چاندبووی لە هەموو کوردستاندا ڕەگاژۆی کرد و بوو بە دارێکی پڕبەری نیشتماندا‌گر.

دوای نسکۆی کۆمار و شەهیدبوونی پێشەوا، زۆر زوو مەتەرێزی خەبات ئاوەدان کرایەوە و ڕێبوارانی ڕێبازی پێشەوا گیان لەسەردەست هاتنە مەیدان هەتا ئەم ئاڵایە بە شەکاوەیی ڕابگرن. ڕووپەڕەکانی دواتری ئەم بزووتنەوەیە کە بە بیری پێشەوا و ئەزموونەکانی کۆمار گۆش کرابوو، کەندولەند و تاڵی و سوێریی زۆری دی. گەرمێن و کوێستانی زۆر کرا، قۆناغی جۆراوجۆری بڕی و کۆستی گەورەی وەک ڕووداوەکانی ٤٧-٤٦ی لە پشت سەری بەجێ هێشت و سەرلەنوێ بووژایەوە و هەستایەوە.

ئەمڕۆ پاش ٧٥ ساڵ، پێشەوای کوردان لە بیروباوەڕ و خەیاڵگەی کورداندا هەروا زیندوویە، لە چیرۆک و بەستەی منداڵاندا ناوی پیرۆزی دێ و دەنیشێتە سەر دڵان، وێنەی پێشەوایە دیوارەکانی قەڵای خۆڕاگریی دێموکرات دەڕازێنێتەوە و بیری کۆمارە دەڕژێتە هەناوی حەماسەی پێشمەرگە و سەنگەری بەرگریی پێ دەڕازێتەوە. پاش حەوت دەیە ئێستای بیرە مەزنەکەی پێشەوایە بۆتە کۆڵەکەی پتەوی ڕاگرتنی ئەم خەباتە ڕەوایە و بەرهەڵستی نەیارانی ئەم گەلەیە

پاش حەوت دەیە کورد پێشەوای خۆی هەر ماوە و ئێستاکەش دەبینین کە ڕاسپاردەکانی لە لایەن ڕێبوارانی کۆمار و ڕۆڵە بە ئەمەگەکانی ڕێبازی پێشەواوە جێبەجێ دەکرێن. سەرقافڵەکانی دیکەی ئەم کاروانە، شەهیدان دوکتۆر قاسملوو و دوکتۆر شەرەفکەندی وانەکانی ئەم خەباتەیان هەرمان کردووە. بۆیەشە ئاوەدانی مەتەرێزی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئامانجە بەرز و پیرۆزەکانی پێشەوا قازی محەممەد و کۆماری کوردستان، لە ئاسۆی ڕوونی بەردەوامی سەرکەوتنی خەباتدا دەبینرێن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی جانێوێری ٢٠٢١

## "گەورەدێ"

فیلمی دیجیتاڵیی "گەورەدێ" بەرهەمی فیلمساز و سیناریۆ نووس خاتوو بێری شەڵماشی کە براوەی خەڵاتی زێوینی وڵاتی هولەندە. ئەم فیلمە لە سەر بەشێک لە دیرۆکی حیزبی دێموکراتی کوردستان دروست کراوە.

خاتوو بێری شەڵماشی ساڵانێکی دوورو و درێژە لەم بوارەدا کار دەکا و هەوێنی زۆرترین بەرهەمەکانی وەکوو کچێکی بلیمەتی کورد ئەو شوێنە بووە کە لە تەمەنی منداڵی تێیدا گەورە بووە و، ئێستا خاتوو بێری لە ڕێی سێکانسەکانی فیلمەکانی دەیەوێ بگەڕێتەوە ئەو سەردەم و ئەمە باگڕاوندی کارە کەم وێنەکانیەتی. ئەو دەیەوێ هەستی کوردبوونی خۆی وەکو لاوێک لە ڕێگای فیلم و زوومی کامێرا بە کۆمەڵگەی ئەورووپی نیشان بدا و بڵێ کە شۆڕش بۆ گەیشتن بە ئامانجێکە، بۆیە بەرگرییان لە خۆیان کردووە.

شوێنی لەدایک بوونی بیرۆکەی فیلمی "گەورەدێ" ژینگەیەکی تەواو پێشمەرگانەیە. پەروەردەبوونی خاتوو بێری لە بنەماڵەیەکی شۆڕشگێڕ و پێشمەرگەدا کاریگەریی بەهای لەسەر شێوەی بیرکردنەوەی هەبووە کە لە تاراوگەشدا نەیتوانیوە واز لەو سەردەم بێنێ و خۆشی و تایبەتمەندییەکانی وڵاتی هولەند نەیتوانیوە لەنێو خۆیدا ونی بکا. بۆیە وەک کچە کوردێکی هونەرمەند لەم بوارەدا قۆڵی لێ هەڵدەماڵێ و ماندووبوونەکانی ئاکامێکی باشی داوە بە دەستەوە.

وەک باس کرا پەروەردەبوونی خاتوو بێری لەنێو ئامێزی بنەماڵەیەکی شۆڕشگێڕی وەکو بنەمەڵەی شەڵماشی بە تایبەت کە باوکی - مستەفا شەڵماشی - بۆ خۆی کاراکتەرێکی دیاری نێو بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە، هەروەها بیر و هزرەکانی مامۆستا مەلا ئاوارە - مامی خاتوو بێری- ش بێگومان کاریگەری هەبووە لە سەر پەروەردەبوونی کە پێدەچێ لە ڕێی خوێندنەوەی مێژووی جووڵانەوەکانی ڕۆژهەڵات ئەم زانیارییانەی وەدەست هێنابێ یاخود لە ڕێ باوکی بەرێزیەوە کە لەم بوارەدا ڕۆڵی کاک مستەفا بەرز بنرخێندرێ.

ئەوەی کە لێرەدا گرینگە و جێی ئاماژە پێکردنەوە لە تاراوگەدا هەستکردن بەو بەرپرسیاریەتییە لە لایەن لاوێکی کورد و گەورەبووی وڵاتێکی وەکو هولەند کە لە بیری ئەو جووڵانەوەیەدا بووە و ویستوویەتی لە ڕێگای فیلمەوە دیرۆکی جووڵانەوەیەک بە باشی نیشانی گەلانی دیکە بدا و لەم بوارەدا بە هەوڵ و تێکۆشانەکانی خۆی بتوانێ براوەی خەڵاتێکی گەورە و گرانبەها بێ وەکو خەڵاتی زێوین. هەر چەندە لەم ڕێیەدا تووشی زۆر سەختی بووە و نەبوونی ئارشیوێکی

دەوڵەمەند ئاستەنگی هێناوەتە سەر ڕێگای کارەکانی، هەروەها مێتۆدی گێڕاونەوەی ڕووداوەکان کە خاتوو بێری دەبوو بە هەستیارییەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی فێبریوێری ٢٠٢١

---



سەرچاوە
Serchawe

# میلی زیندان و گڕی ئازادی

## لەو دیوی میلەکانی بەندیخانەشەوە هەست بە گەرمیی گڕی ئاگری نەورۆزی کوردەواری دەکەم

ئەمساڵیش لە بەرەبەرەی نەورۆزدا خەریکە سروشتی بەهاری جارێکیتر بەرگێکی جوان بکاتەوە بە بەر نیشتماندا و بووکی ڕازاوەی سروشت هەر ساڵە و بە بەرگێکی ئاڵوواڵاوە خۆی بنوێنێ، ئەمساڵیش هێندەی نەماوە ئاگری نەورۆزی کوردەواری لەسەر چیا و کەژ و کێوی نیشتماندا بکرێتەوە و "وا ئەمڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە" ببێتەوە وێردی سەر زمانی کیژان و کوڕانی لاوی زێدی کوردان و گەل بەگشتی لەم ڕۆژەدا بەرەوپیری نەورۆزەوە بچن. جارێکیتر بەفری سەر لوتکەی شاخان هێدی هێدی بارگەوبنەی تێکەوە دەپێچێ و دەتوێتەوە، خڕ و ڕەندۆڵی دەڤەرە ڕەنگینەکەی کوردان جارێکیتر بە ئاوی سازگاری بەفراو دەزێنەوە. گوڵە نێرگزی پێدەشت و وەنەوشەی ژێر سپیدار و دەم کانیاوەکان دەژێنەوە، قەد پاڵ پڕ دەبن لە لاوانی بەهەستی نیشتمان و گەڕی گۆڤەند و شایی و ڕەشبەڵەک جارێکیتر جوانترین هارمۆنی بەم ناوە دەبەخشنەوە.

هەر چەپکە نێرگزە و بەدیاری دەدرێ بە یەکتر و قاقا و پێکەنینەکان لەدایک دەبنەوە، دڵەکان شاد دەبن و دڵتەنگی زستانێ جارێکیتر دەگۆڕێ بە دڵخۆشی و ڕوخسارەکان لە بەرەبەری نەورۆزدا لە جاران جوانتر و گەشتر دەبن، ڕووناکی زاڵ دەبێ بەسەر تارێکیدا و خەمی پەنگخواردووی لاوان جارێکیتر دەتەقێتەوە و نیشتمان دەبێتەوە بە پارچەیەک لە خۆشویستنی نیشتمان و گڕی گەرمی ئازادی کلوو بەفرەکانی بێدادی دەتوێنێتەوە.

نەورۆز و نوێبوونەوەی ڕۆژێکی نوێ تیشکەکانی لە کەلدا دەردەکەون و خۆری هیوا سەر دەردێنێتەوە، لە نەورۆزاندا هەرچی جلوبەرگی جوان و ئاڵ و واڵای کوردییە دەکرێتە بەر و داوێنی بنار و نساری ئەم نیشتمانە دەخەملێ و هەر شادی و خۆشی و خۆشەویستییە دەبەشرێتەوە.

زۆر لەمێژە و چەندین دەیەش دەبێ شۆڕشگێڕانی گەلی کورد و ئەوانەی پێش مەرگ دەکەون و پێشمەرگەن مەشخەڵ بەدەستن و لە هەموو شەوێکی تاریک و ئەنگوستەچاودا دڕ بە تاریکی دەدەن، گڕی هیوای ڕووناکی بەم نیشتمانە دەبەخشن کە دەمێک ساڵە نەیارانی داگیرکەری خوێنی ئەم گەلەیان دە شووشە کردووە و هێشتا تێر نابن لە خوێن مژین، شۆڕشگێڕان ئاڵاهەڵگرانی بیری ئازادی و ڕزگارین کە کاوە ئاسا سینگیان قەڵغانە بۆ پاراستنی نیشتمان، ئەم چیا و کۆسارانە دەمێک ساڵ و حەیامە بوونەتە وارگەی قاسپەی چەکی دەستی پێشمەرگە و داستانی بەرگرییان تێدا لەدایک دەبێ و دەنووسرێنەوە،

نە ئەم چیا و کەژانە بێهیوا دەبن، نە پێشمەرگەش تا هەڵهاتنی خۆری هیوا لەسەر ئەم لوتکانە مەخشەڵی دەستیان بێ گڕی سووری هیوا دەبێ.

زۆرن ئەو ڕۆڵە قارەمانانەی وەکو کەماڵ شەریفی لە نێو میلە سارد و سڕەکانی بەندیخانەش دا هێشتا لە تینی گەرمی ئاگری نەورۆزانەی کوردەواری بێ هیوا نابن، ڕاستە ئەوان ئێستا چەندین ساڵە دەست و قاچیان ئاشنای تەزوە ساردەکانی زنجیری بەندیخانەیە، بەڵام هێشتا بێ هیوا نەبوون و دڵیان مەکۆی ئاگری خەباتی ئەم چیا و کەژانەیە. دەمێک ساڵە ئەوان لە سلول و ژووری تاریکدا بەند دەکرێن، بەڵام تروسکایی هیوای ژیان و ڕووناکی هەر دێت و لە ناخ و دەروونیاندا بڵێسە و گڕ دەگرێ. ئەوان لە بەندیخانەدا ئاشنا و دەستلەملانی هەموو جۆرە ئەشکەنجە و ڕوح کێشانێکن، بەڵام بۆ تەنیا جارێکیش لەم بیر و هزرەی کە عەوداڵی بوون لا نادەن و پۆلوی گڕی شۆڕشگێڕییان لەگەڵ هەموو شنە بایەکی ئازادیدا دەگەشێتەوە. دوور دەخرێنەوە، چەندین ساڵ لە مەرەخەسی بێبەش دەکرین، ڕۆماتیزم و شین هەڵگەرانی جەستە و شوێنی باتوون و قامچی و کوژاندنەوە سیگار لەسەر جەستەیان هەرگیز ناتوانێ بیانترسێنێ، مەرگی قارەمانانە، کەم ژیان و کەڵ ژیان هەڵدبژێرن، جۆرەها نەخۆشی لە نێو بەندیخانەدا تەنگیان پێهەڵدەچنێ، بەڵام ئەوان بیرو هزریان بە شۆڕشگێڕی مشتوماڵ دراوە و نازانن ئازاری جەستەی نێو بەندیخانە چییە.

**بەرزە لوتکەکانی ئەم نیشتمانە خۆڕسکانە وارگەی ئەو شۆڕشگێڕانەیە کە سڵ لە مەرگ ناکەنەوە، بەندیخانە نایانترسێنی و هەر بە ئەشقەوە بە بەرەو پیری مەرگەوە دەچن و مەشخەڵی ڕووناکیان لەنێو دەستدایە و، هەر دەم هیوای ڕووناکی و دەرکەوتنی خۆری ڕزگاری بە گەل و زێد و نیشتمانی کوردان دەبەخشن.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠٢١**

## کوردستانی خوێناوی"ی ئازا سکری

**پاییزە زیـزە سروشتـی ئازاد**
**زەردە خەملیوە وڵاتی ناشاد**

شۆڕش و بەرخودانی نەتەوەکان پەرچەکرداری ئەو زوڵم و زۆرانەیە کە دەکرێتە سەریان و ناچار بە بەرگرییـان دەکەن. ئەم شۆڕشـانە پەیوەنـدییان بە شـوێن و هەڵـکەوتەی جـوغرافی و ژئۆپـۆلیتیکی ئەو نـاوچە و گەلانە هەیە و زۆر جـاران نەتەوەخوازی و تەنانەت ئایینیش ڕۆڵێکی گرینگ لەم بوارەدا دەگێڕێ. هێنـدێک لە شۆڕشـەکان ماوەیەکی زۆر ناخایەنێ و دەگەن بە ئامانجەکانیـان و هێنـدیکیان هەر زوو کـپ دەکـرێن، هێنـدیکی لەوان دوای کپکردنیشیان بیـری ئازادیخوازییـان دانـامرکێ و مـاوە دوای مـاوە سـەر هەڵـدەدەنەوە، وەک بـزووتنەوەی کـورد کە چەنـدین سـەدەیە درێـژەی هەیە و سـەنگەری خەبـاتی ڕۆڵەکـانی ئەم نەتەوەیە هەر ئـاوەدانە. ئەم بـزووتنەوانەی کـورد ئەگەرچـی بە هۆکـاری جۆراوجـۆر تووشـی نسکۆ بوون، بەڵام گڕی بیری نەتەوەیی و هەستی نیشتمانپەروەری تا هاتووە پتر بڵێسەی سەندووە.

سروشتییە هەموو چین و توێژێک لەنێو هەر شۆڕش و جووڵانەوەیەکدا خۆیان دەبیننەوە و هەر کەسە و بە پێـی توانـای خـۆی ڕۆڵ و کاریگەریی خۆی تێدا دەبینێ، کە لە نێویاندا زۆرن ئەو ڕووناکبیرانە و ئەوانەی بنـاغەی زمان بە پـتەوی دەپـارێزن تەڤلی شـۆرش بـوون. شۆڕشی کـورد لە بەشـی ڕۆژهەڵاتـی نیشتمانیش بێبەش نەبـووە لەو سوارچاکانە و پـێش کۆمـار و لە سەردەمی کۆمار و هەتـا ئێسـتاش، شـاعیران دەور و ڕۆڵێکـی پێشەنگیان هەمیشـە جووڵانەوەدا هەبـووە. دەکـرێ بڵێین ئەوان مێژووی ئەم گەلەیان بە هۆنینەوەی هەڵبەست و هۆنراوە نووسیوەتەوە و زۆربەیان تـا دواسـاتەکانی ژیانیـان هەڵگری بیـری ئـازادیخوای بـوون و بە گیـان و ڕوح بـۆی جەنگـاون. لە "مامۆسـتا هێمن"، "مامۆسـتا هەژار"، "سـوارە ئێلخـانیزادە"، "عەلـی حەسەنیانی"یەوە بگرە تـا دەگاتە قـادر لوتفیـانی (ئـازاد سەکری) و....

"کوردستانی خوێنـاوی"ی مامۆسـتا ئـازا سـەکری نموونەیەکە لە نموونە هەرە جوانەکـان کە پێمـان دەڵـێ ئـازا سـەکری وەکـوو مامۆستا، پێشمەرگە و شۆڕشگێڕێک لە ڕێی وشەکانیەوە چۆن توانیویەتی خزمەتێکی بەرچاو بە ئەدەبی بەرگری بکا.

ئازا سەکری یەک لە سیماکانی ئەدەبی بەرگریی کوردە. ئەو لەدایکبووی مەڵبەنـدێکە کە کۆمـاری کوردسـتانی تێدا دامەزراوە و پێگەیشـتووی قۆنـاخێکە چـرۆی هۆمێـدی نەتەوەیـی تێـدا گەشـاوەتەوە و هەمـوو ئەوانەش ڕۆڵـی بنەڕەتیـی هەبـووە لەسـەر

چۆنیەتیی پەروەردەبوون و گەشەسەندنی بیری شۆڕشگێڕیی ئازا سەکری و بوونی بە پێشمەرگە و مامۆستا و شاعیرێکی شۆڕشگێڕ.

ئازا سەکری وەک نیشتیمان پەروەرێکی شۆڕشگێڕ چ وەک مامۆستایەک لە قوتابخانەی شۆڕش و چ وەک پێشمەرگە و شاعیرێک لە مەتەرێزی خەباتدا، لەلایەک کۆڵەپشتی دەکاتە کوڵ و چەکی پێشمەرگایەتیی دەکاتە شان؛ لەلایەکی دیکەش هەگبەی شۆڕشگێڕیی لە وشەی ڕەسەن و پاراوی کوردی دەئاخنێ و خەریکی هەڵزنانە بە سەر چیادا و، دەڤەرەکانی کوردستان دەبن بە هەوێنی لەدایکبوون و تەقینەوەی کانیاوی زەنوێری وشە جوانەکانی.

"کوردستانی خوێناوی" فەرهەنگێکی دەوڵەمەند و زەنگینە کە مرۆڤ دەکرێ لە چەندین بوارەوە لە گەورەیی وشە و دێڕەکانی بڕوانێ و جگە لە سەروا و تێکەڵکێشێکی ئەدەبیی جوان لە سەر یەک ڕیتم، فەرهەنگێکی جوانیشە لە ناوهێنانی هەموو ئەو ڕۆڵە قارەمانانەی کە بە خوێنی گەشیان لەو سەردەمدا مێژووی خوێناویی کوردیان تۆماری کردووە. ئازا سەکری لە توێی نووسینەکانیدا تۆماری ناوی سەدان ڕۆڵەی قارەمانی نێو مەتەرێزی خەباتی کردووە، شاخە و شاخ و لوتکە بە لووتکە و دەشت و پێدەشت و خڕ و دۆڵ نەماوە ناوی نەهێنێ کە پێشمەرگە بە خوێن و نەبەردی داستانی خۆڕاگریی تێدا تۆمار کردووە. کام گوڵە کێویلکەی جوانی کوێستان و قەدپاڵانە کردوویەتە دیاری و لە بەر پشتێنی میرخاسانی دێموکراتی داوە.

"کوردستانی خوێناوی"ی مامۆستا ئازا سەکری بە یەک ڕیتم و کێش و یەک نەفەس دەست پێ دەکا و بێ ئەوەی ماندووبوون و لەنگیی تێدابێ هەوارە و هەوار، مزڵ و قۆناغەکانی سەختی خەبات دەپێوێ، نازانێ نائومێدی چییە و هەمیشە بە هیواوە لە دوندی ئاسۆی ڕوونی سەرکەوتن دەڕوانێ و وشەی زێڕین بە باڵای پێشمەرگە لە جوانترین وێنادا لە دێڕی هۆنراوەکانیدا دەهۆنێتەوە.

لە "کوردستانی خوێناوی"ی مامۆستا ئازا سەکریدا هەست بە نەرم و نیانیی وشەکان دەکەی کە چەندە سوارن لە دەربڕیندا، هەر وەک کەسایەتیی خودی مامۆستا ئازا کە چەندە هێمن و مەتین بوو لە هەڵسووکەوتدا و زۆر جارانیش کەشتیی خەیاڵی لە کەناراوێکی مەند و هێدیدا لەنگەری دەگرت و هێدی هێدی چارۆکەی بیرو هزری دەدایە دەم شنەبایەکی فێنک و، مژڵێدانێک لە سیگارەکەی نێو دەستی و قومێک چای دەمەو ئێوارانی چیای ژێلوان و شۆڕبوونەوە بە نێو ناخی نان و شەڕابدا، هەوای سامڕەندی کوێستانی نیشتیمانی جارێکی تر ئاو دیوی دیوی کوێستان و تاوڵی مرادانی دەکردەوە و جامانەکەی نێو چاوانی هێندەی تر بۆ لار دەکردەوە و ئەسپی خەیاڵی شێعری بەرەو لووتکە دەئاژووت و لە جیهانی جوانی خۆیدا نغرۆ دەبۆوە.

مامۆستا ئازا سەکری نموونەیەکی هەرەجوانی پێشمەرگە و مامۆستا و شاعیرێکی شۆڕشگێڕ بوو کە هێشتاش بۆن و بەرامەی شێعرەکانی ئاسمانی نیشتیمانیان تەنیوە و، وەچە دوای وەچە کچان و کوڕانی لاو پەیڤەکانی بە ئەمەگەوە دەڵێنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی جوونی ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

## هاوڕێیەتیی ٣٠ ساڵەی من و "کوردستان"

ڕۆژنامەی "کوردستان"، زمانحاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ژمارەی پێشووی خۆیدا تایبەتنامەی یادی٨٠٠مین ژمارەی خۆی بڵاو کردەوە. "کوردستان" بڵاوکراوەیەکە لە ٧٥ ساڵی ڕابردوودا بە قرتاڵەیەک لە بەهادارترین فەرهەنگە وشەی کوردایەتی، شۆڕشگێڕی، فەرهەنگی سیاسیی سەردەم، بیروهزری ڕێبەرانی شەهید و زیندوو، خانەخوێی نووسەران و شاعیران، هەگبەی دەوڵەمەندی زمان پاراوی لاپەڕە زەنگینەکانی خۆی دەکا بە دیاریی خوێنەرانی.

لە تەمەنی مێرمنداڵیمەوە تاکوو ئێستا زیاتر لە سی ساڵە هاوڕێیەتیمان لەگەڵ "کوردستان" بەردەوامە و ئەو باشترین هاوڕێی ڕوحسووک و ڕێنوێنی خۆ پێگەیاندنی ئێستام بووە، منیش هەمیشە بەوپەڕی نەزاکەتەوە هاوڕێ خۆشەویستەکەمم لە ئامێز گرتووە و وشە و ڕستە و پاڕستەکانی خزاونەتە نێو ڕوحمەوە و لە ژیانی ڕۆژانەمدا ڕەنگیان داوتەوە. هەروەها لە ئاوێنەی ژیانی هاوڕێیەتیم لەگەڵ کوردستان جوانترین وێنە یادگاریەکانی زیاتر لە سێ دەیەی خۆمم دیتۆتەوە.

یەکەم دەستلەملان و هاوڕێیەتی من "کوردستان" لە دۆڵی جافایەتی ڕا دەستی پێ کرد. تازە خونچەگوڵی دارچوالەکان پشکووتبوون، سروشت لە جوانیدا خەملیبوو. من ڕوتەڵەیەکی تازە پێگەیشتووی نێو شۆڕش، بەڵام هاوڕێ خەت خەتەکەم دەمێک ساڵ بوو هەڕەتی منداڵی و لاوەتیی خۆی لەژێر گەورەیی و هەیبەتی پێشەوا قازی محەممەد تێپەڕکرد بوو، و ئێستا بە بیروهزری دکتۆر قاسملوو، دکتۆر شەرەفکەندی مشتومالی وانەی کوردایەتی دەدرا. هاوڕێکەم زۆر لە خۆم بە تەمەنتر و پڕ ئەزموونتر بوو، دنیادیدەتر و گەرمێن و کوێستان دیتووتر بوو. من گوێگر و ئەو مامۆستام بوو. لە ڕواڵەتدا ئەویش وەکو من سادە و جل و بەرگێکی هاکەزایی ڕەش و سپیی لەبەردا بوو، بەڵام لە نێوەرۆکدا شەپۆلەکانی بیروهزری حیزبێکی قاڵبووی نێو کورەی خەباتیان دەپڕژاند.

یەکەم جار باوکی پێشمەرگەم لەگەڵ خۆیدا ئەو هاوڕێ بەنرخەی هێنایە ماڵێ و لەگەڵ ئێمەدا ناشتایەکی سادە و ساکاری بنەماڵەیەکی پێشمەرگەی بن خێوەتە بۆری کرد. باوکی پێشمەرگەم هەرچەندە خوێندەواریی نەبوو، بەڵام لە بیرکردنەوەیدا کەسی خوێندەواریش دەرۆستی نەدەهات، ئەو لە شۆڕشدا تەمەنی گەنجی گوورابوو هەرچەندە قەڵەمی بە دەستەوە نەبوو، بەڵام وتەکانی وتەی مرۆڤێکی خوێندەوار و بەئەزموون و تێگەیشتوو بوون.

باوکم گوتی ڕۆڵە ئەوە ڕۆژنامەی حیزبم بۆ هێناویتەوە. وردە وردە لە بەری بنووسەوە هەم دەست و خەتت خۆش دەبێ،

هەمیش شتی زۆر لێ فێر دەبی، بە تامەزرۆییەوە ڕۆژنامەی کوردستانم لێ وەرگرت و سپاسم کرد کە ئاوا لە فکری مندایە. بە پەلەپروزە ڕۆژنامەی (کوردستان)م لەبن هەنگڵێ نا و لە خێوەتە بۆر هاتمە دەرێ. پیرە دارتووییەک لە سەر کانیەکەی تەنیشتی ماڵێ بوو. دەورەکەی بە ڕەمەند هەڵچنرابوو. لە سەر ڕەمەندەکە بە شێنەیی بۆی دانیشتیم و دەستم کرد بە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی. لە بیری نەوجەوانیی ئەوکاتمدا وامدەزانی لاپەڕەکانی پڕن لە چیرۆکی منداڵانە و وێنەی جوان جوان.

بە زەحمەت توانیم چەند دێڕێک لە یەکەم لاپەڕەی بخوێنمەوە. هەر چۆنێک بێت هێندێکم خوێندەوە، بەڵام لە نێوەرۆکی ڕستەکان نەدەگەیشتم، چونکە بۆ بیری ئەوکاتی من شتێکی نامۆ بوون و لێیان حاڵی نەدەبووم، بەڵام هاوڕێکەمم زۆر بە ژیکەڵە و جوانی هاتەبەر چاو. ناوی "کوردستان" بوو بە جوانترین ناو کە هێشتاش دەستەبرایەتیمان لەوپەڕی گەرمیدایە و سەرچاوەیەکی گەورەیە بۆ خۆ پەروەردەکردنم.

هێدی هێدی بە هاندانی باوکم دەستم کرد بە نووسینەوەی لاپەڕەکانی. جگە لەوەی هەستم بە خەت خۆشی خۆم دەکرد دووبارە بوونەوەی هەندێک چەمک وای لێکردم لە بواری دەوڵەمەندیی زماندا زمانم پاراو بێت و کوردستان ببێتە یەکەم مامۆستام لە خۆشەویستی وشەی شیرینی کوردی. زۆر جاران لە بەر خۆمەوە دەمگوت تۆ بڵێی ڕۆژێک لە ڕۆژان منیش لە سەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی کوردستان ناوی خۆم لەنێو ڕیزی ئەوانەدا ببینمەوە کە وتار و بابەت بۆ "کوردستان" دەنێرن. بەڵێ خۆشبەختانە ئەو شانسە گەورەیەشم بە نسیب بوو دەبێتە نزیکەی ساڵێک لە گۆشەی "بەر لە ماڵئاوایی"دا جار جار ناوی منیش هاتۆتە نێو ناوانەوە. کە سەیری ڕۆژنامەی کوردستان دەکەم و ناوی خۆمی بەسەرەوە دەبینم لە خۆشیان شاگەشکە دەبم و خەریکە لە پێستی خۆمدا جێگەم نەبێتەوە. لە بەرخۆمەوە دەڵێم ئەوە منی کوڕە پێشمەرگەم بابەت بۆ ڕۆژنامەی "کوردستان" دەنێرم و بڵاو دەبنەوە.

ئێستاش کە دەبینم ڕۆژنامەی کوردستان مۆمی ژمارە ٨٠٠ی خۆی کوژاندۆتەوە، هێندەی تر ئەو هاوڕێ کۆنەی سەردەمی نەوجەوانیی خۆمم لا ئازیزتر و خۆشەویستتر دەبێ کە بێ پسانەوە لە ماوەی زیاتر لەو سی ساڵەدا مامۆستام بووەو لێی فێر بووم.

**پیرۆزە ڕۆژنامەی جێی متمانە و گەورەبووی پێبەپێی ٧٥ ساڵەی تەمەنی حیزبی دێموکراتی کوردستان و زمانحاڵی بزووتنەوەی ڕەوای خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٤ی جوونی ٢٠٢١**

## هەو هەوی سواران

ڕێبەنـدانە! کلـووە بەفرەکـان لە سـەمادان بەرەو پێدەشـت و لەنـد و کێـوی زێـد و وڵات، بەفـر سـپی‌ڕێزی کـردوە نـاوچەی موکریان، تروسکایی وردیلە بەفری قەدپاڵان ئاوێنەی جوانیی سروشتە لەم دەڤەرە دڵگیرەی نیشتیمان، هەو هەوی سوارانە و خرینگەی ناڵی کەحێلی سوارانی پارێزەری نیشتیمان خۆشترین ئاوازی خۆڕسکی سروشتە بۆ دەڤەری موکریـان، ڕێبەنـدانە و تازە ڕۆژێکی هەڵبردوە لە سەرەتای مانگێ ڕێبەندانێ، خەملوە لە خۆشیی ئەم نیشتیمانە لە شار و لە دێ، دەژەنن دەهۆڵ و زوڕنای شادیی لەدایکبوونی کۆمار، دەگێڕن شایەر گەڕی گۆڤەند و دیلان، دڵەکان لەجۆشن بـۆ لەدایکبوونی نـۆبەرە کۆمـاری جوان، گەڕی ڕەشبەڵەکە لە کۆچە و کۆڵانی شار، پڕ لە قریـوەی خۆشییە لادێ و داوێنـی نسـار، ئـای چ ڕۆژێکـی خۆشە ئەم دووی ڕێبەندانە، هەرگیز ڕۆژی خۆشی ئاوای بەخۆیەوە نەدیوە ئەم نیشتیمانە.

بزە و خەندە لە سەر ڕووخساران ناکەون، دڵەکان گەرمن و هەسـتی کـوردان ناسرەون، ڕێبەنـدانە و جێـژی خۆشی و شـادییە لە دایکبـوونی کۆمـارە و ڕۆژی دڵگەشییە. دابـاریون بـۆ مەهابـاد کـوردانی چـوار پـارچەی بـرا، ڕازاونەتەوە سفرە و خـوانی کوردانی دڵ سەخی، ئەی چ ڕۆژێکە ئەم ڕۆژە خۆشە لە دیرۆکی کوردان، کەمتر ئەم ڕۆژەی بەخۆیەوە بینی، ئـاگر کـراونەتەوە لەسەر شاخان، لە پێدەشتان دەگەڕێ گۆڤەند و دیلان، شەپیوور ژەنان دەژەنن شەپیووری لەدایکبوونی کۆمـار، دێن چین بە چین و دەستە دەستە لە جحێڵ و ڕیش سپییانی دێ و شـار، هەمـوو چـاوەڕوان لە سـەربانـان و مەیـدانی چوار چرای مەهابـاد ئاخۆ کەی دەر دەکەوێ نووری ڕووناکیی پێشەوای یەکەم نۆبەرە کۆماری کوردان، ئاخۆ کەی دەدا جاڕی ڕاگەیاندنی کۆمار.
ئای چ ڕۆژێکی خۆشە دووی ڕێبەندان کەمتر گەلی کورد بە خۆیەوە دیوە لەو ڕۆژە خۆشـان، مەهابـادە و خەملێوە بە کـوردانی چوار دەستە برا، هەموویان شادن نابینن کەوشەن و سنووری دروستکراوی داگیرکەران، هەی بابـایە و بـڕژێتە نێو مەیـدانی چوار چرا، چاوەڕوان بۆ دەرکەوتنی پێشەوا.

هەناسەکان پەنگیان خواردۆتەوە لە سینگەکاندا، گوێچکەکان لەسەر هەست بۆ بیستنی موژدانە هەواڵ بـۆ ڕاگەیانـدنی یەکەم نۆبەرە کۆمار.

لە پڕ لە چوارچرا دەبێتە چەپڵەڕێزان، ڕمبازێنی شۆڕەسوارانی کوردستان، ڕادەوشێن دەسرۆکەی ئاڵاووڵای جوان، جێژنـانەیە چ جێژنانەیەکی خـۆش و جوان، یەکەم پێشەوای کـورد دێتە نێـو ئـاپۆڕای کوردانی تینـووی سـەربەخۆیی و ئـازادی، دەبێتە هەلهەلە و جێژن و شادی، ڕادەگەیەنێ موژدەی کۆمـاری کوردستان لە چـاوان دەڕژێن فرمێسکی شـادی ڕۆڵەکـانی نیشتیمان،

دێنەدەر لە سینە نەغمەی بەستەی جوان، دەگوڕێنن دڵ پڕ لە هەستانی کوردستان، یەکەم پێشەوای کورد بە زەردە خەنەوە دەردەکەوێ، لە خۆشیانا پێکەنینی لە سەر زاران ناکەوێ، دەدا جاڕی نۆبەرە کۆماری کۆماری کوردان لەو کاتەوە خۆشترین ڕۆژە ڕۆژی دووی ڕێبەندان، چوونکە ڕۆژی دامەزرانی یەکەم کۆماری کوردستانە، ڕۆژی جاڕی سەربەخۆیی و ڕزگاری لە دەست دیلی و یەخسیری کوردانە، ڕۆژی سەربەستی و ئازادی گەلە، موژدەی کۆماری کوردانە و پێشەوا قازیمان سەروەرە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی جانێوێری ٢٠٢٢

## لە داوێنی گیاڕەنگی سەربەرزی سەر سەوزدا.

١٩ بەهاری تەمەن و خۆ هاویشتنە نێو ٢٠ بەهارەی تەمەنی ڕەنگینت پیرۆز بێ گیاڕەنگی دەستپێکی هەموو ڕۆژانی ئەم غوربەتەم، ڕۆژێک شک نابەم لەو سەردەمەوە کە هاتوومەتە ئەو مەملەکەتە دەستپێکی خوێندنەوەم گیاڕەنگ نەبووبێ و تینوێتی ئەم ژینە قاقڕ و دێمەکارەم بە نمەی تەڕی وشەکانی گیاڕەنگ نەشکابێ، کە ناوی گیاڕەنگم بەرچاو دەکەوێ هەیبەتی ئەو مێرخاسانەم بیر دێتەوە کە بە لانک و گیاڕەنگ دا شۆڕی بژوێنەکانی نیشتیمان دەبوونەوە بە خۆیان و کۆڵەپشتی شان و گوڵێکی سوور لە لوولەی چەکی شەڕەفی پێشمەرگایەتییان دا، زەنگاڵ و ئادیداسی ئەو شۆڕە سوارانەی نێو مەکۆی خەباتی پێشمەرگەی دێموکڕاتم دەبینین کە خەندە و جوامێرییان مزگێنی هاتنەوەی پێشمەرگە بوو. ماڵپەڕی گیاڕەنگ لە هەناوی پێشمەرگەیەک دا پەروەردە بوو گۆشکرا، کە شەوان و ڕۆژان خەونی بەدارە دارە و کەوتنە سەرپێی ئەم ماڵپەڕەوە دەبینی و جار جارە بزەیەکی جوان لێوەکانی دەتەنی و لە چاوانی دا پڕشنگی هیوا دەباری، ئەم دڵە گەورە کە شەپۆلی خۆشەویستی لە ناخی جوانی دا شەپۆلان دەدا و خۆی بە کەناراوەکاندا دەکێشێ دەبێ لە کاک حەمەڕەسوڵ کەریمی زیاتر کێ بێ، دەبێ خودانی ئەو بیرو هزرە جوانە لە کاکە ڕەسوڵی خۆشەویستی هەمووان زیاتر کێ بێ.

داخەکەم پێنووسم کول و کۆڵەوارە لە ئاست وەسفی گوڵێکی هەموو وەرزانە و ساڵانەی جوان کە کاکە حەمەڕەسوڵی خۆشەویستە، چەندی دەکەم وشە گەلێک لە فەرهەنگی هەژار و لە پەل و پۆ کەوتووی بیر هزرم دا نادۆزمەوە کە پڕ بە پێستی کەڵەمێرێکی خەباتی وەکو کاکە ڕەسوڵ بێ، ئاخ پێنووسەکەم بۆ ئەوەندە دۆش دادەمێنێ کە ناوی کاک حەمەڕەسوڵم بە سەر زار دادێ و شەرمەزارانە لێم دەڕوانی کە ناتوانی لە تروسکایی گەوهەرێک بدوێ و نمەی وشەکانتی بە سەر دابباریێنی.

ماڵپەڕی گیاڕەنگی جوان جوانخاسێکی نێو مەتەرێزی خەباتی پڕ لە شانازی حیزبی دێموکڕات بەڕێوەی دەبات و تربوونێکی جوانە بۆ لێ فێر بوون، زەنگینە لە ناوەڕۆک دا و ناوازەیە لە تەمەنی پڕ شکۆی دا.

گیاڕەنگی بەرزی سەر سەوزی تەمەن ١٩ بەهارە هەنگاونان بەرەو ٢٠ ساڵەی پڕشنگی جوانی تەمەنیت لێ پیرۆز بێ، وەک هەمیشە کە تژی لە بابەتی جوان و هەنووکەیی و سەردەمیانە بووی خۆزیاشمە لەوەش بە دواوە ڕێ ڕوونکەرەوەی ژیان بێ.


کـاکە حەمەڕەسـوڵ کەریمـی گیـان ئەو پەنجـانەت مـاچ دەکەم کە لە سـەنگەری جیهـانی میـدیایش دا لە سـەر ماشـە و پەلاپیتکەی چەکی ڕووناکیت بەرامبەر تاریکی دایدەنێیت.

**ئاشقێکی وێڵی شەیدای هەموو دەمێکی ژوانی بسکی لوولدراوی ماڵپەڕی ڕەنگین و زەنگینی گیاڕەنگ.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیاڕەنگ - ڕێکەوتی: ٢٥ی ئەپریلی ٢٠٢٢

---

## ساڵە خەمێکە کاکی کاکانم.



**نە قاقاکانت، نە مەشرەف خۆشیت، نە خۆنەویستی و سادقیت، نە سادەی و دڵپاکیت، نە خۆشناوی و متمانەبوونت، نە جوانی باڵا و قەڵافەتی پێشمەرگانەت، نە سۆز و مێهرەبانی باوکانە و هاوڕێیانەت، نە هیواکانی خەباتت، نە لە گەڵ بوونی ڕێبەرانت، نە ڕوحی بەرزی پێشمەرگانەت**

دوای ساڵێک لە دوا ماڵ ئاوایی و دوا ئۆغرت گەردی ڕۆژگار و لەبیرچوونەوەتیان لە سەر نەنیشتووە و ئاوازەی خەندە جوانەکانت هێشتاش لە گوێچکەماندا دەلەرێنەوە.

پێنووسم نەزۆکە و وشەکانم هەتیون و پەنجەکانم دەلەرزن کاتێ دەمهەوێ بە پێنووسی کول و کوڵەوار و ماتەمبارم بەنکیلە فرمێسک نووسێکت بۆ بهۆنمەوە و ژیانی منداڵی خۆم تێکەڵ بە یادگاریە جوانەکانت بکەمەوەو لە ژێر سێبەری جوانت دا لە دەورانی منداڵیم بڕوانمەوە و گوڵ خەندەکانی حەکیمی هەمووانم بیر بێتەوە.

نازانم لە کامە خوڕێنی ڕووباری تەمەنم لە تەنکایی بدەم و بواریّ ببینمەوە کە هێشو هێشو لە یادگاریە جوانەکانت لە قرتاڵەی یادگاریە بە جێماوەکانم باوێم و خۆشەویستی کاکی کاکانم لە دڵ دا زیندوو ببنەوە.

ناوێرم و گەمیەوانێکی کارکوشتەی کارامە نیم و زاتم نیە خۆم لە شەپۆلە بەهەیبەت و جوانەکانی دەریای ژیانت بدەم و سەوڵەکانم کۆن و هێزی بازوەکانم لە شلی دان و دەترسم لە نێو دەریای جوانی ناخت دا نغرۆ ببم و دوا ئاوزنگی هەموو یادگاریەکانم بێ.

لە بووڵێکی دەم و بەیاندا کەوشەنەکانی ژیان و تراویلکەی نەگەیشتن بە ئاواتەکانت دەبڕم و لە ژێر دارچوالەیەکی تازە پشکوتووی پشت بنکەی تەداروکاتی تەقەمەنی لە "کانیەمێو"ی دۆڵی جافایەتی لە بەژن و باڵای جوانت دەڕوانم لە کاتی نیگابانی دا،

لە ژێر دارگوێزە پیرەکانی بناری قەندیل جوانترین وینەی بەجێماوی یادگاریت دەبینمەوە کە لە تەنیشت دکتۆرە شەهیدەکان شان و شکۆی پێشمەرگانەت قەندیل ئاسا باڵای بەرزە و هیوای پێشمەرگانەت دەبینمەوە، لە پیدەشتی کۆیە و داگەران بەرەو گەرمی گەرمێن بارینی بەفری سپی ڕێزی تەمەن لە گەڵ مامۆستا حەسەنزادە بە پێکەنینەوە لە باوەشی ژیاندا دەتبیمەوە.

گریانە، لەخۆدانە، فرمێسکەبارانە، خوشان بەرەو گۆڕستانی شەهیدانە، کۆبوونەوەی ئاپۆڕای هاوڕێ و خۆشەویستان و هاوسەنگەرانە، نمەی دڵۆپەبارانە خەمەکانی باجی عیسمەت و کچانە، گرمەی هەوری خەمی برا و خوشکانی دوورە دیارانە، ڕۆژی زانەوەی کانیاوی فرمێسکی گەرمی هەموومانە.

**پەنجەکانم دەلەرزن و ناتوانم لە بەر تەمی فرمێسکەکانی چاوانم هیچی ترت بۆ بنووسم کاکی کاکانم،**

**یەک ساڵەی خەمی دوا ماڵ ئاوایت چەندە بە خەم و بەژانە.**


**سەرچاوە: ماڵپەڕی گیاڕەنگ - ڕێکەوتی: ٥ی مای ٢٠٢٢**

## سەرماوەزانەی ئەحمەدیلە بۆ کاکە ڕەسوڵ.

گـەر دەڵێن سەرمــاوەزە
سەرما دەلەرزێنــێ دڵان
من دەڵێم گەرم و بەتینە
هــەر بەهـارە بۆ گـوڵان

(بێبەش پیرۆتی)

زەردەخەنەیەک لێوڕێژ لەمانا
بە هومێدەوە ڕوانین لە داهاتوو



لە بەرەبەرەی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگە داین و خەریکە یاد لە ڕۆژێکی مێژووی لە ڕۆژ ژمێری حیزب و گەلەکەمان دەکەینەوە.

زۆرم شەن و کەوی جوانترین وێنەی پێشمەرگە کرد و بە نێو ڕووپەڕەی ئاڵبۆمی سەرەوانماندا نۆڕیم و لە بەرامبەریاندا کڕنۆشم برد و خوناوکەی فرمێسکەکانم هێدی هێدی ڕێچکەیان بەست، نەمدەزانی بگریم، پێبکەنم، دڵخۆش بم یا خود دۆش دابمێنم.

گەلەری وێنەکانی کاک حەمەڕەسولی کەریمی سیمای ناسراوو خۆشناوی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێرانم هەڵدانەوە و بە دیاری هەموو سیما جوانەکانەوە ڕادەمام و بەڕێزەوە یادی دەورانی زێڕینی پێشمەرگایەتیم دەکردەوە...

ئەو وێنەیەی کاک حەمەڕەسوڵی کەریمی بوو بە هەوێن و سووژەی ئەم کورتە نووسینە بۆ قەدر زانین و ڕێزگرتنی ڕۆژی٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگە.

هەرچەندە لە زەردەخەنەکانی کاک حەمەڕەسوڵی برپرەی پشتی جوڵانەوەکەمان ورد دەبمەوە، هیوای تێدا دەبینم، ئاسۆی ڕوونی سەرکەوتنی خەبات لە سیمای شۆڕشگێڕانەی دا دەخوێنمەوە.

هیوا بە ڕوونی دوا ڕۆژی خەباتی گەلەکەمانم بە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران لە سیماو هەیکەلی پێشمەرگەیەک دا دیتەوە کە چەندین ئەندامی جەستەی پێشکەش بەبارەگای ئازادی گەل کرد، پۆلا بوو لە کورەی گەرمی خەباتدا بە شۆڕشگێڕی فۆڕمی بەرخودان و شورشگێری گرت.

پیرۆزە ٢٦ی سەرماوەز لە کاک حەمەڕەسوڵ کەریمی خوشەویست و هەموو پێشمەرگەکانی قاڵبووی نێو کورەی گەرمی خەبات و تێکۆشان.

تێبینی: وینەکەی کاک حەمەڕەسوڵم بە ئەمانەتەوە لە ئاڵبۆمی وێنەکانی بەڕێزیان هەڵگرتەوە.

ساڵێک لەمەبەر نووسیم و ئەورۆ فەیسبووک بیری هێنامەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٤ی دێسەمبەری ٢٠٢٢

# ڕۆڵی ڕۆژنامە دیوارییەکان و گرینگیدان بە پەروەردەی ڕۆژنامەنووسی لەنێو مەتەریزی خەباتدا



گەشەی بیری سیاسی حیزب و ڕێکخراوەکان لە ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەندا خۆی دەخزێنێتە نێو ئەم حیزب و ڕێکخراوانە و کۆمەڵانی هەراوی خەڵک و بە شێوەیەکی گشتی ئاستی زانیاری بەرەوپێشەوە دەبات و ڕۆڵێکی گرینگ دەگێڕێ و لە تەک خەباتی سیاسی و چەکداریدا هاوتەریب لە بەستێنی گەشەی سیاسیی ئەم حیزب و ڕێکخراوانەدا ڕەنگ دەداتەوە. لە هەمان کاتیشدا دەبێتە زانکۆیەکی پەروەردەیی ڕۆژنامەوانی و سەکۆی پێگەیاندنی کادری بەئەزموون بۆ داهاتووی کاری بڵاڤۆکەکان. ئەگەر ئاوڕێکی خێرا لە مێژووی نزیک بە ٨٠ ساڵەی خەباتی ڕەوای گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بدەینەوە، دەگەینە ئەو ڕاستییە حاشاهەڵنەگرە کە سەرەڕای خەباتی ڕژد و بەرگریی پێشمەرگانە لە دژی دوو نیزامی داپڵۆسێنەری پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی، بەڵام قەڵەمی شۆڕش هەمیشە ڕۆڵی گرینگی خۆی گێڕاوە و دەکرێ بگوترێ چەک و قەڵەم هاوتەریب بوون لەم خەباتەدا. ڕۆژنامە و بڵاڤۆکەکان بە پێی ئیمکان و دەرفەت ئەگەر لە تیراژێکی کەمیشدا بووبن بڵاوبوونەتەوە و لەوانەیە هەندێک لە بڵاوکراوەکان وەکو ڕۆژنامەی "کوردستان" کەوتبنە چەند دەورەیەک، بەڵام گەشەی بیری سیاسی حیزب نەوەستاوە و جارێکی ترم ڕۆژنامە کەوتۆتەوە گەڕ و ئەو ئەرکەی هەیبووە بە زیادەوە جێبەجێی کردوە.

ئەم ئەرکی ڕۆژنامەوانیە تەنیا تایبەت نەبوو تەنیا بە ڕۆژنامەیەک، بەڵکوو لە پاڵ ڕۆژنامەی "کوردستان"دا چەندین نامیلکەی دیکە و بەڵگەنامە و تەنانەت چاپکردنی "تێکۆشەر"، "جنگ در کردستان"، "٢٦ی سەرماوەز"، "تیشک"، "لاوان"، "ژنان"... هتد. جگە لە هەمووی ئەوانە لە گەرمەی خەباتی چەکداری و پێشمەرگانەدا لەنێو بنکە و بارەگا و هێزەکانی

حیزبی و ڕێکخراوەکانی ژنان و لاوانیشدا ئەرکی پەروەردەی ڕۆژنامەوانی بە میتۆدێکی تر خۆی دەرخست لە چوارچێوەی "ڕۆژنامەی دیواری"دا. ئەم ڕۆژنامە دیوارییانە لەو سەردەمدا دەکرێ بگوترێ فێرگەیەکی باش بوون بۆ پێگەیاندنی کەسانی پسپۆڕ و شارەزاو دەروازەیەکی باش بوون بۆ پێگەیاندنی کادری بە ئەزموون، ڕۆژنامە دیوارییەکان پڕ و تەژی بوون لە سەرچاوەی گشتی و هەوڵی خۆپێگەیاندن و بردنەسەری زانیاری پێشمەرگە و کادرەکان و تەنانەت بنەماڵەکانیش ئۆگری ڕۆژنامە دیوارییەکان بوون و تامەزرۆی خوێندنەوەیان بوون.

ئەو قۆناغە لە خەبات هەل و فرسەتێکی باش بوو بۆ خولیابوون بە دوای خوێندنەوە و گەڕان بە دوای سەرچاوەی باشدا و تەنانەت لە بواری تەڕاحی و دیزانەوە ئەم ڕۆژنامە دیوارییانە لە پێشبڕکێدابوون و ڕۆژبەڕۆژ بە مۆدێرنتر دەکران بە پێی ئیمکاناتی ئەو سەردەم کە هێشتا دنیای دیجیتاڵی بەو شێوەیەی ئێستا هەموو کەلێن و قوژبنێکی ئەم گەردوونەی نەگرتبۆوە.


لەنێو کەمپ و بارەگاکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێراندا ببوو بە نەریتێکی ساڵانە کە ئەم ڕۆژنامە دیوارییانە وەکوو بەشە وەرزشییەکان دەکەوتنە کێبەرکێ، کێبەرکی لە بواری وتارنووسیدا، بەخشینی زانیاریی گشتی، نێوەرۆک، تەڕاحی، دیزاین، جواننووسی، خەتاتێ... هتد

ئەمە کێبەرکێ و پێشبڕکێیانە ببوونە هۆی ئەوەی کە هەوڵی هەرچی زیاتر بدرێ قەوارە و شکڵ و شێوە و بابەتەکانی ئەم ڕۆژنامە دیوارییانە دەوڵەمەندتر بکرێ و ئاستەکانی پێشڤەچوونیان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەوپێشەوە بچێ. ئەم ڕۆژنامە دیوارییانە قوتابخانەیەک بوون بۆ خۆپێگەیاندن و هەوڵ و تێکۆشان و بردنە سەری ئاستی زانیاری تاک و کۆ لە هەمان کاتیشدا کێبەرکێییەکی سالم لەنێو کادر و پێشمەرگەکاندا.

بۆ ئەو سەردەم لە مەتەرێز و مەکۆی خەباتدا ئەم هەنگاوەی دەرکردنی ڕۆژنامەی دیواری گەلێ پۆزەتیڤ بوو، نیشانەی خۆی باش پێکا و ئەنجامی باشی دا بەدەستەوە و پڕ بەرهەم بوون. ئەم ڕۆژنامە دیوارییانە ئەرشیوێکی خەباتی هاوتەریبی چەک و قەڵەمی پێشمەرگەن و دەرفەت و هەلێکی باش بوون بۆ ئەوانەی خولیا و ئۆگری کاری ڕۆژنامەوانی بوون و توانییان ڕێچکەی نووسینی خویان بدۆزنەوە و شارەزایی و لێهاتوویی خۆیان لە بواری نووسینەوە پەیدا بکەن و تەنانەت ببن بە نووسەر و لەم سەنگەرەشدا ئەرکی سەر شانیان هاوشان لەگەڵ پێشمەرگەبوون بە باشترین شێوە بەڕێوە ببەن و تەنانەت کاریگەریشیان لە سەر دەوروبەر هەبێ و ئۆلگویەکی جوان بن بۆ مەتەرێزی خەبات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٨ی جۆزەردانی ٢٧٢٥

## زمان چەکی بەرگری و مانەوە



زمان ئامرازی ئاخاوتن، وێژمان، نووسین و لە یەکگەیشتنە. زمان هۆی گەشەی بیرو هزری مرۆڤە و دەبێتە شوناسی هەر گەل و نەتەوەیەک و ئەم گەل و نەتەوە بەو زمانەوە دەناسرێتەوە کە سەر بە چ بنەچە و ڕەچەڵەک و بناغەیەکە و ڕێڕەوی قۆناغەکانی گەشەسەندنی بە درێژایی مێژوو دەست نیشان دەکات و سەلمێنەری هۆوییەت و بوونی ئەو گەل و نەتەوەیە لە سەر ئەم خاک و هەڵکەوتە دیموگرافییەیە کە تێیدا دەژی. زۆر شتێکی سروشتی و ئاساییە زمان لەگەڵ هەڵکەوتەی چاخەکانی مێژوودا پێشکەوتن بە خۆیەوە ببینی و هێما و پیتەکانی گۆڕانکارییان بەسەردا بێ و زمانیش هاوتەریب لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگە ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێ و شکڵ و شێوەی نووسین و تەنانەت گۆکردن و دەربڕینیشی (فۆنەتیک) جوانکاری و زەریفکاری بەپێی قۆناغی مێژوویی خۆی بەخۆیەوە ببینێ بە بەراورد لە گەڵ قۆناغ و چاخی پێشووتری زمانیش وەک کۆمەڵگە بە چەقبەستوویی نامێنێەوە.

ئەوەی کە لەم قۆناغانەدا گرینگە و جێی تێڕامان و لێ وردبوونەوەیە، زمان نەگاتە ئاستی چەقبەستن یان پووکانەوە و لەنێوچوون کە بەخۆشییەوە زمانی کوردی سەرەڕای هەموو قۆناغە دژوار و ئەستەمەکانی مێژوو کە بە سەری هاتوە و زۆر جارانیش کەوتۆتە ئاستی ئاسیمیلەبوون، بەڵام هەر لە ڕەوتی پێشڤەچوونی خۆیدا بەردەوام بووە و زۆرجارانیش کە ئاستەنگی گەورەی هاتبێتە سەر ڕێگا لە گەشەی خۆی نەوەستاوە و خۆی گونجاندوە لەگەڵ ئەم بارودۆخەی کە بۆی هاتۆتە پێش و بە پێی دەرفەت و ئیمکان هۆوییەت و بوونی خۆی پاراستوە. هاوتخووبی واتە هاوسنووریی گەل و نەتەوەکان


بیگومان کاریگەری دەکاتە سەر زمانەکان و ئەمەش هۆیەکە بۆ زیاتر نزیکبوونەوە و لە یەکگەیشتن لە نێوان ئەو گەل و نەتەوانەدا و تەنانەت چێکردنی کاریگەری کولتووری؛ واتە زمان هۆی لە یەکنزیکبوونەوەی گەلانە بە ئاراستە پۆزێتیڤیەکەی. زمان چەکی بەرگری و هۆی مانەوەی ئەو گەل و نەتەوانە بووە کە کەوتوونەتە بەر بەرداشی داگیرکاری و هەوڵی لەنێوچوون و توانەوەیان لە لایەن نەیار و دوژمنەکانیان دراوە و لێرەدایە گرینگی ئەم چەکە واتە زمان و ڕۆڵەکەی دەردەکەوێ و ناهێڵێ سیمای گەلی و نەتەوەیی ئەم گەل و نەتەوەیە بەهۆی داگیرکارییەوە بشۆردرێتەوە.

ئاوڕدانەوەیەک لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستییە حاشاهەڵنەگرە کە سەرەڕای هاتنە سەرکاری ڕێژیمە دیکتاتۆر و داپڵۆسێنەرەکان یەک لە دوای یەکتر بە تایبەتی لە نزیک بەم سەد ساڵەی ئەم دواییانە، نەک نەیتوانیوە زمانی کوردی بەرەو لە نێوچوون ببات، بەڵکوو بۆتە هۆی بووژانەوەی زیاتری زمانی کوردی و ئەم هەستە ناسیۆنالیستییە زیاتر لە زماندا ڕەنگی داوەتەوە، بە تایبەتی لە ئەدەبیاتدا و بۆتە چەکێکی بەهێز بۆ بەرگری و مانەوە و زیاتر هەستی کوردبوونی دنە داوە. هاتەریب لەگەڵ خەباتی چەکداری و جەماوەری ڕۆڵی گرینگی بینیوە. ئەگەر بۆ بەر لە هەشتا ساڵ بگەڕێینەوە سەرەڕای یاساغ بوونی زمانی کوردی لە وڵاتی ئێران و تەنانەت پۆشینی جلوبەرگی کوردی و بەفەرمی نەناسینی زمانی کوردی لە سەردەمی دەسەڵاتی بنەماڵەی پەهلەوی، بەڵام دەبینین لەو سەردەمیشدا بە پێی دەرفەت و ئیمکان زمانی کوردی بە هەموو شێوە دیالێکت و زارەکانیەوە هەر لە بەرەو پێشچووندا بووە و نەوستاوە. دامەزرانی کۆماری کوردستان و گرینگیدانی کابینەی کۆماری کوردستان بە زمانی کوردی، دەرچوونی ڕۆژنامە و گۆڤار، کردنەوەی قوتابخانە، شانۆ و سرود، بەکارهێنانی زمانی فەرمی لە دام و دەزگا حکومییەکان و نووسراوەکاندا بوو بەهۆی ڕاماڵینی هەوری داگیرکاری یاساغبوونی زمان لەو سەردەمدا. لە سایەی کۆماری کوردستان دەرگایەکی تر بەرەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرایەوە و زمان کەوتە بووژانەوە. فاکتێکی دیکە بەخێرایی گەشەسەندنی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو سەردەمدا هاتنی کوردانی پارچەکانی کوردستاندا بوو، بە تایبەتی باشووری کوردستان، چوونکە لە باشووری کوردستاندا زمانی کوردی ئەو یاساغبوونەی وەکو پارچەکانی دیکە کوردستان پێوە دیار نەبوو. زمان لەوێ باشتر گەشەی سەندبوو، دەرفەتی چاپکردنی کتێب و دەرکردنی ڕۆژنامەو گۆڤار و خوێندنی زمانی کوردی و مۆسیقاو گۆرانی و شانۆ هەلێکی زێڕین بوو. هاوتخووب بوونی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و باشووری کوردستان سەرەڕای پاراستنی بواری ئاسایشی دوو وڵاتی ئێران و ئێراق نەیتوانی ئەم پەیوەندییە کەم ڕەنگ بکاتەوە و لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا ئەم تەمی داگیرکارییە بە تەواوی ڕەوییەوە و کۆماری کوردستان وەک نۆبەرەی کۆماری کوردان بوو بە جێی هیوا و خەڵکی ڕوویان تێدەکرد، لە هەمان کاتیشدا خۆیان تێیدا دەبینییەوەو ئەرک وەخۆگر بوون. بەداخەوە گەرچی کۆماری کوردستان لە تەمەنی یازە مانگیدا بە هۆی پیلانی دەرەکی و نێوخۆیی نەیارانی کورد لە ناوچوو، پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێکانی لە سێدارە دران، بەڵام زمانی کوردی بە گوڕتر لە جاران لە بەرەو پێشڤەچووندا بوو، چوونکە میراتگری کۆماری کوردستان حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بوو کە لە سەر ڕێچکەی کۆماری کوردستان مایەوە و هەنووکەش لە دوای قۆناغێکی دیکەی خەبات ئەم

ڕەساڵە مێژوویە دەپارێزێ و بەردەوام بۆ بەرزڕاگرتن و مانەوەی قوربانی دەداو مایە لە خۆی دادەنێ و ناهێڵێ ڕەوتی بەرەوپێشچوونی زمانی کوردی لە گەشە بکەوێ، بە خۆشییەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هاوتەریب لەگەڵ خەبات و تێکۆشانی سیاسی و چەکداری هێزو لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خەبات و چەکی بەرگری و پاراستنی زمانی کوردی لە شێوەگەلی جیاوازدا خۆی وێنا دەکا، سەلمێنەری زیندوومانەوەی خۆیەتی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٠ی جۆزەردانی ٢٧٢٥

## لەژێر دەواری هۆنراوە بەجێماوەکانی شاعیرانی پێشمەرگەدا




کاتێک زوڵم و زۆریی داگیرکەرانی نیشتمان دەگاتە ئەوپەڕی خۆی، هەستی چەوسانەوەی گەل لە قالب و شێوەی شۆڕشگێڕبووندا دەگاتە چڵەپۆپە و چەک و قەڵەم دەبنەوە هاوتەریب و مەکۆی خەبات و پڕ دەبن لە تێکۆشەر و خەباتکار و وەرزی هەستانەوە دژی داگیرکەران دەست پێ دەکات و خونچەگوڵی شۆڕش دەپشکوێ.

شۆڕش و بەرخودانی نەتەوە و گەلان پەرچەکرداری ئەو زوڵم و زۆرییانەیە کە دەکرێتە سەریان و بە ناچاری ڕێگای بەرگریکردن هەڵدەبژێرن و بۆ پارێزگاری لە شەرەف و کەرامەتی خۆیان و نەتەوەکەیان چەک دەگرنە دەست. ئەم شۆڕشانە پەیوەندییان بە شوێن و هەڵکەوتەی جوغرافی و ژئۆپۆلیتیکی ئەو ناوچە و نەتەوە و گەلانە هەیە و و زۆر جارانیش نەژادپەرستی و هەتا ئایینیش ڕۆڵێکی گرینگ لەم بوارەدا دەگێڕێ، هێندێک لە شۆڕشەکان ماوەیەکی زۆر ناخایەنێ و دەگەن بە ئامانجەکانیان، هێندیکیان هەر زوو کپ دەکرێن، هێندێکیشیان دوای کپکردنیشیان زیلکی بیری ئازادیخوازییان دانامرکێ و ماوە دوای ماوە سەر هەڵدەدەنەوە. هێندێکیشیان وەکوو ئەو بزووتنەوە ڕەوایانەی کە ئێستا لە چەند بەشی کوردستاندا هەن چەندین دەیە و ساڵە درێژەی هەیە و خوێنی شەهیدان و قوربانییەکان لاپەڕەی دیرۆکی ئەم خەباتەی ڕەنگین کردووە.

هەڵکەوتەی بواری ژێئۆپۆلیتیکیی کوردستان و دەوڵەمەندی ژێرخانی ئابووری چاوی تەماحی داگیرکەران هەمیشە بەسەر کوردستانەوە بووە و بەپێی ئەو پەیمانامانەی کە لە نێوان ئەو چوار وڵاتەدا هەبووە بە درێژایی مێژوو هەوڵیان داوە سنوور و کەوشەنەکانی کوردستان لێک دابڕن و کەرتی بکەن، بەڵام خۆشبەختانە سەرەڕای ئەو زوڵم و زۆر خوێنڕشتنەی کە بەسەر کوردانی هەر پارچەیەکدا سەپاوە هەستی نەتەوایەتی و کورد بوون هەمیشە لەوپەڕی خۆی دابووە و شۆڕشەکان هەمیشە لە کڵپە و بڵێسەسەندندا بوون، لە چوارچێوەی ناوچەیی هاتوونەتە دەرێ و زۆر جاران هەستی نەتەوایەتی هەموویانی لە دەوری یەکتر کۆ کردۆتەوە. نموونەی هەرە بەرچاو دامەزرانی کۆماری کوردستان لە شاری مەهابادە کە چوار پارچەی کوردستان کۆماریان بە موڵکی خۆیان زانیوە و تێیدا بەشدار بوون و ڕۆڵیان تێیدا گێڕاوە. هەر چەندە تەمەنی کۆمار کورت بووە و بە دەسکیسی نێوخۆیی و دەرەکی هەوڵی لە نێوبردنی ئەم کۆمارە ساوایە دراوە، ڕاستە توانرا کۆماری کوردستان تێدا ببەن و پێشەوا قازی محەممەدی سەرۆککۆمار و هاوڕێکانی لە سێدارە بدەن، بەڵام بیرو ئامانجەکانی کۆمار لە بڵێسە نەکەوتن و حیزبی دێموکراتی کوردستان نزیکەی ٨٠ ساڵە پارێزەری ئامانجەکانی کۆمارە و بە خوێن و خەبات و قوربانیدان ئەم مێژووە ٨٠ ساڵەیەی تۆمار کردوە و هەنووکەش مەتەرێزی خەبات هەر ئاوەدانە.

شتێکی زۆر سروشتی و ئاساییە لەنێو هەر شۆڕش و جووڵانەوەیەکدا هەموو چین و توێژێک دەبینرێن و هەر کەسە و بەپێی توانای خۆی ڕۆڵ و کاریگەری خۆی تێیدا بینیوە و شوێن پەنجەی دیار بووە. کەواتە زۆر ئاساییە کە توێژی ڕووناکبیران و ئەوانەی بناغەی زمان دەپارێزن تەڤلی شۆڕش ببن و ببن بە بەشێکی گرینگ لەم شۆڕشانە. ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش پشکی شێری لەم بوارەدا پێ براوە هەر لە سەردەمی کۆمارەوە تاکوو ئێستا، شاعیران هەمیشە دەور و ڕۆڵێکی پێشەنگیان لە شۆڕشدا گێڕاوە و دەکرێ بگوترێ مێژووی ئەم گەلەیان بە هۆنینەوەی هەڵبەست و هۆنراوە هۆنیوەتە و تۆماری گەلێک شاکاریان کردوە، زۆربەیان تا دوا ساتەکانی ژیانیان هەڵگری بیری ئازادیخوازی بوون و بە گیان و جەستە بۆی جەنگاون و قوربانییان بۆی داوە، وەک مامۆستا هێمن، مامۆستا هەژار، سوارەی ئێلخانیزادە، عەلی حەسەنیانی، قادر لوتفیانی (ئازاد سەکری)، ئەحمەد قادری و هتد.

لەژێر تاوڵی هەواری هۆنراوە بەجێماوەکانی مامۆستا "ئازا سەکری"دا دەکرێ "کوردستانی خوێناوی" وەک فاکتێک بهێنینەوە، کوردستانی خوێناوی نموونەیەکە لەو نموونە جوانانەی کە مرۆڤ بیهەوێ شەن و کەوی هەموو ئەو بوارانە بکات کە مامۆستا ئازا وەکوو مامۆستا، پێشمەرگە و شۆڕشگێڕێک لە ڕێی وشەکانیەوە توانیویەتی خزمەتێکی بەرچاو بە ئەدەبی بەرگری سەردەمی شاخ بکات هەتاکو ئەو کاتەی لە ژیاندا بوو وەک پێشمەرگەو شاعیرێک.

وەک مامۆستا هێمنی شاعیر دەنووسێ:

"ئاشقی چاوی کەژان و گەردنی پڕ خاڵ نیم

ئاشقی کێو و تەلان و بەندەن و بەردم ئەمن"

بەم شێوەیە مامۆستا ئازا سەکری بیری شۆڕشگێڕی هەڵیدەگرێ و بەکردار تێکەڵی ئەم شۆڕش و جووڵانەوەیە دەبێ. لەدایکبوون و گەورەبوونی مامۆستا ئازا لە مەڵبەندێکدا کە کۆماری کوردستانی تێدا دامەزراوە، بێگومان ڕۆڵێکی گرینگی گێڕاوە لەسەر چۆنیەتیی پەروەردەبوون و گەشەسەندنی بیری شۆڕشگێڕیی مامۆستا ئازا و بوونی بە پێشمەرگە و مامۆستا و شاعیرێکی شۆڕشگێڕ.

مامۆستا ئازا سەکری وەک نیشتیمان پەروەرێکی شۆڕشگێڕ بە کردار دێتە مەیدان، چ وەک مامۆستایەک لە قوتابخانەی شۆڕشدا، چ وەک پێشمەرگە و شاعیرێک لە مەتەرێزی خەباتدا. کۆڵە پشتی دەکاتە کۆڵ و چەکی پێشمەرگایەتی دەکاتە شان و هەگبەی شۆڕشگێڕی لە وشەی ڕەسەن و پاراوی کوردی دەئاخنێ و بەرەو ئامێزی کەژ و کێوی نیشتمان باڵ دەگرێ و هەڵۆ ئاسا دووندی چیا دەکاتە وارگەی خەبات، سروشتی ڕەنگینی کوردستان دەبێ بە هەوێنی لەدایکبوون و تەقینەوەی کانیاوی زنوێری وشە جوانەکانی و دەریای هۆنراوەی نیشتمانی مامۆستا ئازا سەکری شە پۆلان دەدا.

"کوردستانی خوێناویی" ئازا فەرهەنگێکی گەلێک دەوڵەمەند و زەنگینە. مرۆڤ دەکرێ لە چەندین بوارەوە لە گەورەیی وشە و دێرەکانی بڕوانێ و جگە لە سەروا و تێکەڵکێشێکی ئەدەبی جوان لە سەر یەک ڕیتم، فەرهەنگێکی جوانیشە لە ناوهێنانی هەموو ئەو ڕۆڵە قارەمانانەی کە بە خوێن لەو سەردەمدا تۆماری دیرۆکی خوێناویی گەلی کوردیان کردوە لەو ناوچانەدا. ئەو سەدان ناوی ڕۆڵەی قارەمانی نێو مەتەرێزی خەباتی تۆمار کردوە، شاخە و شاخ و لوتکە بە لوتکە و دەشت و پێدەشت و خڕ و دۆڵ نەماوە ناوی نەهێنێ کە پێشمەرگە بە خوێن و نەبەردی، داستانی خۆڕاگریی تێدا تۆمار کردوە. کام گوڵە کێویلکەی جوانی کوێستان و قەدپاڵانە کردوویەتە دیاری و لە بەر پشتێندی میرخاسانی دێموکراتی چەقاندوە و ڕازاندوویەتەوە.

کوردستانی خوێناویی مامۆستا ئازا سەکری بە یەک ڕیتم و کێش و یەک نەفەس دەست پێ دەکات و بێ ئەوەی ماندوو بوون و لەنگی تێدابێ هەوارە و هەوار مزڵ و قۆناغەکانی سەختی خەبات دەپێوێ، نازانێ نائومێدی چیە و هەمیشە بە هیواوە لە دوندی ئاسۆی ڕوونی سەرکەوتن دەڕوانێ و وشەی زێڕین بە باڵای پێشمەرگە لە جوانترین وێنادا لە دێڕی هۆنراوەکانیدا دەهۆنێتەوە.

لە کوردستانی خوێناویی مامۆستا ئازا سەکریدا هەست بە نەرم و نیانیی وشەکان دەکەی کە چەندە سوارن لە دەربڕیندا هەر وەک کەسایەتیی خودی مامۆستا ئازا کە چەندە هێمن و مەتین بوو لە هەڵسووکەوتدا و زۆر جارانیش کەشتی خەیاڵی لە

کەناراوێکی مەند و هێدیدا لەنگەری دەگرت و هێدی هێدی چارۆکەی بیرو هزری دەدایە دەم شنەبایەکی فێنک و مژ لێدانێک لە سیگارەکەی نێو دەستی و قومێک چای دەمەو ئێوارانی چیای ژێلوانی دۆڵی جافایەتی و شۆڕ بوونەوە بە نێو ناخی "نان و شەڕاب"دا هەوای فێنک و سامڕەندی کوێستانی نیشتمانی جارێکی تر ئاو دیوی دیوی کوێستان و تاوڵی مرادانی دەکردەوە و جامانەکەی نێو چاوانی هێندەی تر بۆ لار دەکردەوە و ئەسپی خەیاڵی شێعری بەرەو لووتکە دەئاژووت و لە جیهانی جوانی خۆیدا نغرۆ دەبۆوە.

مامۆستا ئازا سەکری نموونەیەکی هەرەجوانی پێشمەرگە و مامۆستا و شاعیرێکی شۆڕشگێڕ بوو کە هێشتاش بۆن و بەرامەی شێعرەکانی ئاسمانی نیشتمانیان تەنیوە، وەچە دوای وەچە کچان و کوڕانی لاو پەیڤەکانی بە ئەمەگەوە دەڵێنەوە و "کوردستانی خوێناوی" دەکەن بە پێشەنگی خەبات و هاتنە نێو مەتەرێزی خەباتەوە.

**بۆ شەهیدانی یەکیەتی لاوانی دێموکڕات:**

**نەتەوە و هێز و گوڕی سەرچاوە**
**دەستی گەڕناسی بە لاوان داوە**
**شۆڕە لاوانی دەمی گیانبازی**
**سوورخەڵاتانی گەل و ڕێی قازی**

**کوردستانی خوێناوی**

**"پاییزە زیزە سروشتی ئازاد**
**زەردە خەملیوە وڵاتی ناشاد**
**ڕوومەتی زەردە گەڵای داری مات**
**سوورە ڕووی بووکی هومێد و ئاوات"**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٣٠ی جۆزەردانی ٢٧٢٥

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**گەلاوێژی ٢٧٣٦ی کوردی = ئاگۆستی ٢٠١٦ی زایینی**



# سپاس و پێزانین

**بۆ هاوڕێ ئەحمەد ڕەحمانی بۆ ئامادەکردنی وتارو نووسراوەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**



سەرچاوە
Serchawe